تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5717) سێ شەممە 26ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

### هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیران لە کاتی دیاریکراودا دەبێت

# ئەندامێکی سەرکردایەتی: پرۆسەی سیاسیی کوردستان چیتر بۆ هیچ کەس و لایەنێک دوانەکەوێت

دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: پارتی ڕێز لە هەموو لایەنێک دەگرێت، بەڵام ڕێزی گەورەی پارتی بۆ دەنگدەرانی کوردستانە و حکوومەتیش خەڵکی کوردستان هەر چۆنێکیان ویستووە، هەروا دەبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## سەرۆک بارزانی و پارتی زۆر پەرۆشن بۆ ڕەوشی ئێستای مووسڵ

عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: مووسڵ لە کێشەیەکی گەورەدایە و مەترسی هەیە ئاڵۆزییەکانی ئەو شارە بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق بگوازرێتەوە، هەروەها دەشڵێت: تا چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەبیندرێتەوە، مووسڵ ئارامی بەخۆیەوە نابینێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

# ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە ڕێگە بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا نادرێت

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، ڕێگە نادەین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجامبدرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بڕیارە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیشەوە ئەنجامبدرێت.

**(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## لە ماوەی حوکمڕانێتیی عەبادی هیچ یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەرنەکران



هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵوێستەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، دەڕەقی بە مافەکانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی حکومڕانی حەیدەر عەبادی، ئەو پیاوە هیچ یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای چارەسەر نەکرد، هەروەها زێباری دەشڵێت: بەڵکوو لە ماوەی حوکمڕانێتی ئەودا هێرشی سەربازییش کرایە سەر هەرێمی کوردستان.

**(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



## داڕووخانی پردێک، ڕێگەی نێوان سلێمانی و گەرمیانی داخست

بە هۆی بارانی زۆر و ڕوودانی لافاوەوە، پردێکی سەرەکی ڕێگای نێوان دەربەندیخان و کەلار کە سلێمانی و ناوچەکانی تری گەرمیان پێکەوە دەبەستێتەوە داڕووخا، بەرپرسێکی ناوچەکەش دەڵێت باران بارینی ئەمساڵ لە ماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

### دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر شەڕی ناوخۆی سووریادا

# کورد چی دەستکەوت؟!



8 ساڵ بەسەر شۆڕشی سووریادا تێپەڕی، کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو ولاتە بوو، دوای تێکەلاوبوونی چەندین ولات ئێستا کورد چی بەدەست کەوتووە لەو ولاتەدا؟ هەر لە دەستپێکردنی شۆڕشەکەدا ولاتانی زلهێز بەسەر دوو بەردا دابەش بوون، هەندێک گەڕاونەوە لای ڕژێم، کە ئەسەد سەرپەرشتیی دەکات و هەندێک گەڕاونەتەوە بۆ لای ئۆپۆزسیۆن، کە ئەمەریکا سەرپەرشتیی دەکات.

**(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

### ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا:

## لە دوای ڕیفراندۆمەوە جیهان قەرزاری گەلی کوردە

ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا باسی ئازایەتیی گەلی کورد و مافی سەربەخۆبوونی دەکات و دەڵێت: لە دوای ڕیفراندۆمی ساڵی 2017وە جیهان قەرزاری گەلی کوردە و سەرسوڕمانی خۆی لە هەڵوێستی وڵاتەکەی بەرانبەر ڕیفراندۆم و ڕێزنەگرتن لە ئەنجامەکانی دەربڕی. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

## داعش هێرشی کردە سەر کێڵگەیەکی کۆمپانیای نەوتی باکوور

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور، تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کێڵگەی نەوتی عەلاس، بەڵام لەلایەن پۆلیسی کێڵگە نەوتییەکەوە ئەو هێرشەی داعشیان تێکشکاندووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



### سوپای یونارمیای ڕووسی

## سۆزێک بۆ دوێنێی سۆڤیەت یان بە سەربازکردنی کۆمەڵگا

کاتێک لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سۆڤیەت ڕووخا و هەموو کۆمارەکان سەربەخۆییان ڕاگەیاند، زۆر لە شارەزا و چاودێران وایان لێکدایەوە کە ئیتر جەمسەری زلهێزی دووەم هەڵوشایەوە و ئیتر لە جیهاندا یەک جەمسەر هەیە ئەویش ئەمەریکایە.

**(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)**



## هاوواڵاتیان گلەییان لە گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو هەیە

ماوەیەکە هاوواڵاتیان گلەیی و گازندەیان لە گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو هەیە و دەڵێن بۆچی نرخی یەک کیلۆ مریشک لە 1600 دینارەوە بوو بە 3000 هەزار دینار و دەبوایە نرخەکە بەو شێوەیە نەبێت و چاوەڕوانن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەدواداچوون بۆ ئەو گرانبوونە بکردایە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



## ئەمەریکا بە فەرمی دانی بە جۆلان وەک خاکی ئیسرائیلدا نا

ئەمەریکا بە فەرمی دانی بە بەرزاییەکانی جۆلان وەک خاکی ئیسرائیل نا، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری داننانی ئەمریکای بە بەرزاییەکانی جۆلان وەک خاکی ئیسرائیل واژۆکرد. دوێنێ لە ڕێوڕەسمێکدا لە کۆشکی سپی کە بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئامادە بوو، دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا واژۆی لەسەر بڕیاری داننان بە بەرزاییەکانی جۆلان وەک خاک و سەروەریی ئیسرائیل کرد، سەرۆکی ئەمەریکا وتارێکی خوێندەوە و باسی لەوە کرد کە ئیسرائیل بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێران و حزبوڵڵا بەرگری لە خۆی بکات، هەروەها گووتی ئەمەریکا هەتا هەتایە پشتیوانی ئیسرائیل دەبێت، دوای واژۆکردنەکە، دۆنالد ترامپ ئەو پێنووسەی واژۆکەی پێ کرد، پێشکەشی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کرد، بنیامین نەتەنیاهۆ سوپاسی سەرۆکی ئەمەریکای کرد، لەلایەکی دیکەشەوە سوریا ئەم کارەی ئەمەریکای بە دەستێوەردان لەقەڵەمدا.

# هۆشیار زێباری: لە ماوەی حوکمڕانێتیی عەبادی هیچ یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەرنەکران

## عەبادی دەیەوێ لەسەر حیسابی مافەکانی کوردستان کاریگەری لەسەر عەبدولمەهدی دروستبکات



**خەبات:** هۆشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵوێستەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، دەرهەق بە مافەکانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی حکومڕانی حەیدەر عەبادی، ئەو پیاوە هیچ یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدای چارەسەر نەکرد، هەروەها زێباری دەشڵێت: بەڵکوو لە ماوەی حوکمڕانێتی ئەودا هێرشی سەربازییش کرایە سەر هەرێمی کوردستان. لەبارەی هەڵوێستەکانی ئێستای عەبادیش دەڵێت: ئێستا عەبادی دەیەوێت لەسەر حیسابی مافەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بەردرا و بەرپرسانی پۆلیس ئەم رووداوەیان بەستەوە بە پشتیوانی هەندێ کەسی تووندڕۆ بە رووداوی هێرشکردنە سەر دوو مزگەوتەکەی نیوزلەندا و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە ناو موسڵمانانی ئەمەریکا و بەهۆیەوە نوێژی بەیانی لەو رۆژەدا نەکرا.

رۆژنامەی ساندیاگو تریبیون تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، سەبارەت بە هەڵوێستەکانی عەبادی تویتێکی کردووە و سیاسەتی عەبادی بە دژە کورد وەسف دەکات، هاوکات پێشیوایە سیاسەتی دژە کوردانە و ئامۆژگاریی ناتەندروستیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش هۆکاری ئەوە بوون کە حەیدەر عەبادی نەیتوانی خولی دووەمی سەرۆکوەزیرانی مسۆگەر بکات. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی راشیگەیاندووە: ئێستا عەبادی دەیەوێ لەسەر حیسابی بوودجە و مافەکانی هەرێمی کوردستان هەمان کاریگەری لەسەر عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش دروست بکات، بەڵام زۆر دڕەنگە بۆ ئەوە. سەبارەت بە هەڵوێستەکانی پێشووی عەبادی کە لە دەسەڵاتدا بوو، زێباری لە تویتەکەیدا راشیگەیاندووە کە لە ماوەی چوار ساڵی حکومڕانی حەیدەر عەبادی، هیچ یەکێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەرنەکران و بەپێچەوانەوە هێرشی سەربازیی کرایە سەر هەرێمی کوردستان و هەولێ نەهێشتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان درا.

شایەنی باسە، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق هەمان سیاسەتی دوژمنکارانەی نووری مالیکی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی حوکمڕانێتی خۆیدا پەیڕەوکرد و وێڕای دڕێژەدانیش بە سیاسەتە فاشیستییەکانی مالیکی، هاوکات ئاستی دژایەتییەکانیشی بردە قۆناغێکی نوێ و لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی کوردی هێرشیکردە سەر کەرکووک و زۆرترین پێشێلکاری بەرانبەر مافەکانی خەڵکی کوردستان ئەنجامدا و رۆڵێکی یەکجار زۆریشی هەبوو لەوەی جارێکی دیکەش کەرکووک تەعریب بکرێتەوە، هاوکات بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدا گوشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی عێراقیش سیاسەتەکانی ئیدانە کران و دواجار نەیتوانی خولی دووەمی سەرۆکوەزیرانی وەربگرێتەوە.

# کالیفۆرنیا.. سووتانی مزگەوتێک ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە ناو موسڵمانانی ئەمەریکا

## یوسف میلەر بۆ «خەبات»:

# داوامان لە موسڵمانانی ئەمەریکا کردووە بەهۆشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن




**خەبات –مەریوان نەقشبەندی:**

بەرەبەیانی رۆژی یەکشەمەی رابردوو ئاگر لە مزگەوتێکی باکووری شاری ساندیاگۆی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا بەردرا و بەرپرسانی پۆلیس ئەم رووداوەیان بەستەوە بە پشتیوانی هەندێ کەسی تووندڕۆ بە رووداوی هێرشکردنە سەر دوو مزگەوتەکەی نیوزلەندا و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە ناو موسڵمانانی ئەمەریکا و بەهۆیەوە نوێژی بەیانی لەو رۆژەدا نەکرا.

رۆژنامەی ساندیاگو تریبیون لە ژمارەی دوێنێیدا بڵاوی کردووەتەوە کە لەسەر دیواری چەند مزگەوتێک نووسینی هەڕەشەئامێز لە موسڵمانان نووسراوە و هێرشبەرەکەی سەر مزگەوتەکەی نیوزلەندا وەک پاڵەوان ناسێندراوە و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە ناو موسڵمانانی ئەمەریکا و ترسیان هەیە کە هێرشی هاوشێوەی سەر مزگەوتەکانی نیوزلەندا لە ویلایەتە جیاجیاکانی ئەمەریکاش ڕووبدات.

لە لای خۆیەوە پۆلیسی شاری ساندیاگۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا ئاشکرای کرد لەوانەیە ئەم ڕووداوە بەدەستی چەند کەسێکی گێرەشێوێن و دژ بە ئیسلام ڕووی دابێت و مەبەست لێی ترساندنی موسڵمانان بێت، بەڵام ئەوەشیان نەشاردەوە کە هێشتا لێکۆڵینەوەکان نەگەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی و پێویستە چاوەڕێ بن بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو کەسانەی لەپشت ئەم ڕووداوەوە بوون، هەروەها داوایان لە موسڵمانانی شاری ساندیاگو کرد هۆشیار بن و بە وریاییەوە هاتووچۆی مزگەوتەکان بکەن.

ئەمەریکا دەژین و بەسەدان مزگەوتیان هەیە و بەشێکی زۆر لە عێراقییەکانی نیشتەجێی ئەمەریکا لە ویلایەتی کالیفورنیا دەژین.

لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەرەوە جۆرێک لە دژایەتی بۆ موسڵمانانی ئەو وڵاتە لە لایەن چەند ڕاستڕەوێکی ئەمەریکا هەست پێدەکرێت و لەو کاتەوە پۆلیسی ئەمەریکا پاسەوانی بۆ زۆر لە سەنتەر و مزگەوتەکانی موسڵمانان داناوە.

لە لای خۆیەوە یوسف میلەر گوتەبێژ بە ناوی موسڵمانانی شاری ساندیاگۆ بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: ئەو نووسینانەی کە هەڕەشەن لە موسڵمانان و لەسەر دیواری مزگەوتەکان و چەند دیوارێکی نزیک مزگەوتەکان نووسراون ئێمەیان تووشی دڵەڕاوکێ کردووە و داوامان لە موسڵمانانی ئەمەریکا کردووە بەهۆشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن و خۆیان لە هەر کاردانەوەیەک بپارێزن.

شایانی باسە زیاتر لە 3 ملیۆن موسڵمان لەسەرتاسەری

# عارف روشدی:

# ئەگەر هەیە ئاڵۆزییەکانی ئێستای مووسڵ بۆ پارێزگەکانی دیکەی عێراقیش بگوازرێتەوە

## بازرگانی بەدار و بەرد و خانوو و بالاخانە ڕووخاوەکانی مووسڵەوە دەکرێت



عارف روشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: مووسڵ لە کێشەیەکی گەورەدایە و مەترسی هەیە ئاڵۆزییەکانی ئەو شارە بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق بگوازرێتەوە، هەروەها دەشڵێت: تا چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەبێندرێتەوە، مووسڵ ئارامی بەخۆیەوە نابینێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: سەرۆک بارزانی و پارتی زۆر پەرۆشن بۆ ڕەوشی ئێستای مووسڵ و ئەو زۆڵمەی لە خەڵکەکەی دەکرێت، لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی جگە لە گەیاندنی هاوسۆزی، هەموو هاوکارییەک پێشکەش بە خەڵکی لێقەوماوی کارەساتەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کرا و دەرگای هەموو فەرمانگە پەیوەندارەکانیش والاکراون بۆ بەهاناوەچوونیان.

عارف روشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: مووسڵ لە کێشەیەکی گەورەدایە و ئەگەر ئاوەدان نەکرێتەوە و خەڵکەکەی هەست بە ئارامی نەکەن و خەڵکی خۆجێیی مووسڵ ئیدارەی ناوچەی خۆیان نەکەن، مەترسی هەیە ئاڵۆزییەکانی ئەو شارە بۆ پارێزگەکانی دیکەی عێراقیش بگوازرێتەوە، سێگۆشەی سوننەنشین لە ڕەوشێکی خراپدایە و تا چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نەبێندرێتەوە، ئارامی بەخۆیانەوە نابینن. ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، گوتیشی: بۆچوونی سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەوەدایە، کە دەسەلاتێکی باشتر هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی هەموو عێراق، چونکە تا میلشیا دەسەلاتیان بەدەستەوە بێت، چاوەڕێی ڕەوشی باشتر ناکەین، ئێمە دەبینین چەندین هێزی بیانی لە نێو مووسڵدا هەن، کە مامەڵەیەکی زۆر خراپ لەگەڵ دانیشتووانیدا دەکرێت، هەتا کار گەیشتووەتە ئەوەی بازرگانی بەدار و بەرد و خانوو و بالاخانە ڕووخاوەکانی مووسڵیشەوە دەکرێت. هەروەها دەشڵێت: چەندین خێزانی مووسڵ لە دوای شەڕی داعش ناچار بوونە بە هۆی ڕەوشی خراپی ناوچەکانیان بەرەو هەرێمی کوردستان ئاوارە بێن، ئەوە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناتوانن لە شوێنەکانیان بژین و ڕەوشەکە سەقامگیر نییە.

# ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات

# نابێت ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە وەک ڕووداوەکانی دیکەی مووسڵ تێپەڕێت




**خەبات : کەنعان بەهائەدین**

ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا داوا دەکەن دانیشتنێکی بەپەلەی ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەت بە ڕەوشی نەینەوا ببەسترێت، ژمارەیەم لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە دوایین کۆبوونەوەیاندا ڕایگەیاند کە پێویستە بەهێزەوە لەبەردەم کارەساتی نقوومبوونی بەلەمەکە و خنکانی سەدان هاووڵاتیی نەینەوا بوەستین.


هەریەک لە بەشار کیکی و شیروان دووبەردانی و بەسمە بەسیم و عەبدولەتیف ئەلوەرشان و خالید عوبەیدی کۆبوونەوە و ڕایانگەیاند: زۆر پێویستە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بە کارەساتەی مووسڵ بەپەلە کۆببێتەوە بۆ دیاریکردنی لێژنەیەکی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و دیاریکرنی تاوانباران و ڕادەستکردنیان بۆ بەردەم دادگا. ئەم هەڵوێستەی ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لە دوای ئەو ڕووداوەوە دێت کە لە یەکێک لە ناوچە گەشتیارییەکانی مووسڵ، 280 کەس خرانە سەر پشتی بەلەمێکی بەناو گەشتیاری لە کاتێکدا ئەو بەلەمە لە توانای دایە تەنیا پەنجا کەس بگوازێتەوە و لە کۆی ئەمانەش پتر لە 100 کەس لە ژن و منداڵ و پیاو خنکان و هەندێکیش بێسەروشوێن بوون. لەمبارەیەوە شیروان دووبەردانی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا گوتی: نابێت ئەو ڕووداوە وەک ڕووداوەکانی دیکەی مووسڵ تێپەڕێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکرێت، ڕاشیگەیاند: داوامان کردووە کە هەموو مافێبات و خێزانی قوربانیان قەرەبووی مادەی بکرێنەوە و ئەوانەی کەمتەرخەمیش بوونە بدرێنە دادگا، لە بەیاننامەیەکیشدا هاتووە کە شیروان دووبەردانی بڵاوی کردووەتەوە، بەم نزیکانە هەموو ڕاستییەکانی ئەم ڕووداوەی مووسڵ بڵاودەکەینەوە، هەموو ئەوانەش کە لەپاڵ گەندەڵی مووسڵ سوودمەندن لە پۆستەکانیان دوورەدخرێنەوە.

ئاراس حەسۆ میرخان:

# پڕۆسەی سیاسیی کوردستان چیتر بۆ هیچ کەس و لایەنێک دواناکەوێت

## هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و راسپاردنی سەرۆکوەزیران لە کاتی دیاریکراودا دەبێت

## پارتی ڕێز لە هەموو لایەنێک دەگرێت بەڵام ڕێزی گەورەی پارتی بۆ دەنگدەرانی کوردستانە



**خەبات-شاخەوان برایم عەبدوڵلا:**
دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت: پارتی ڕێز لە هەموو لایەنێک دەگرێت، بەڵام ڕێزی گەورەی پارتی بۆ دەنگدەرانی کوردستانە و حکوومەتیش خەڵکی کوردستان هەر چۆنێکیان ویستووە، هەروا دەبێت.

هەروەها ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی، سەبارەت بە وادەی وادەی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەت، کە پێشتر بەرپرسانی پارتی جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە دوای جەژنی نەورۆز سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کاراەکرێتەوە، ڕایگەیاند: پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی سەرۆکی حکوومەت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێم لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ خەبات گوتی: لەم مانگەدا پارتی و یەکێتی دوو کۆبوونەوەیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت ئەنجامدا، ڕاستە ڕێکنەکەوتین، بەڵام باش لە یەکدی تێگەیشتووین. سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکوومەت، گوتیشی: پێکهێنانی حکوومەت بەند نییە بەم کۆبوونەوانە و پڕۆسەی سیاسیی کوردستان چیتر بۆ هیچ کەس و لایەنێک دواناکەوێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی لەبارەی خواستی خەڵک و چاوەڕوانییەکانیان لە حکوومەتی ئایندە، دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان، ڕاشیگەیاند: پارتی ڕێز لە هەموو لایەنێک دەگرێت، بەڵام ڕێزی مەزنی پارتی بۆ دەنگدەرانی کوردستانە و ئەم حکوومەتە ئەوان چۆنیان ویستووە وا دەبێت. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی جەختیش دەکاتەوە کە پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەت لەوە زیاتر دواناکەوێت، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیرانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێن، بەڵام تا ئەوکات لەگەڵ یەکێتیدا بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی ڕێکبکەوین، بەڵام حکوومەت و خەڵکی کوردستان لە هەموو ڕێککەوتنێک و ڕێکنەکەوتنێک بۆ پارتی گرنگترە.

### وەزارەتی ناوخۆی عێراق: چوار مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش لە سنووری کەرکووک لەنێوبردران

# داعش هێرشی کردە سەر کێڵگەیەکی کۆمپانیای نەوتی باکوور




بەپێی ڕاگەیاندراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە، تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کێڵگەی نەوتی عەلاس، بەڵام لەلایەن پۆلیسی کێڵگە نەوتییەکەوە ڕووبەڕووی تیرۆریستان بوونەوە و ئەو هێرشەی داعشیان تێکشکاندووە. ڕاگەیاندراوەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو، لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە تیرۆریستان کوژران و بریندار بوون. کێڵگەی نەوتی عەلاس دەکەوێتە سنووری زنجیرە چیای حەمرین و ناوچەکە لەڕووی ئیدارییەوە ئێستا سەر بە پارێزگای سەلاحەدینە، بەڵام سەر بە کۆمپانیای نەوتی باکوورە و پێشتر داعش بۆ ماوەیەک دەستی بەسەر ئەو کێڵگەیەدا گرتبوو و نەوتی ئەو کێڵگەی لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشت.

هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری کەرکووک چوار مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش تێکدران. بەپێی بەیاننامەیەکی سەعەد مەعن، گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە وێنەیەکی دەست خەبات کەوتووە و تێیدا هاتووە، هێزەکانی هەوالگری پۆلیسی فیدراڵی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دوای کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، توانیان چوار مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش لە سنووری کەرکووک لەنێو ببەن. بەیاننامەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، لەنێو مۆڵگەکاندا چەند پارچەیەک کە بۆ کردەوەی تەقینەوە بەکار دەهێنرێن دەستیان بەسەردا گیراوە.

لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیرکرد و لەو کاتەوە دۆخی ئەمنی پارێزگاکە نالەبارە و جموجۆڵی تیرۆریستانی داعشیش زیادی کردووە.

## بەغدا.. بە بەشداری 12 وڵات پێشانگای نێودەوڵەتی گەشتوگوزار کرایەوە

### فاتیح یەڵدز: سالّی رابردوو یەک ملیۆن و 170 هەزار عێراقی سەردانی تورکیایان کردووە



**خەبات: بەغدا**

بە بەشداری 12 وڵات لە بەغدای پایتەختی عێراق، پێشانگای نێودەوڵەتی گەشت و گوزار کرایەوە و لە تورکیاوە حەوت کۆمپانیای گەشتیاری بەشداریان تیادا کردووە.

چوارەمین پێشانگای گەشت و گوزار کە لە ناوەندی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا بەڕێوەدەچێت لە لایەن وەزیری کولتوورو گەشت و گوزار و شوێنەوارەکانی عێراق، عەبدولئەمیر ئەلحەمدانی کرایەوە.

لە میانی بەشداریکردنی لە کردنەوەی پێشانگاکەدا، باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا، فاتیح یلدز گوتی: لە پێشانگاکەدا تورکیا بەشی شێری بەرکەوتووە لە ڕووی بەشداربیەوە.

یلدز باسی لەوە کرد کە بە ڕێکاری ڤیزای ئەلیکترۆنی و ناوەندەکانی داواکردنی ڤیزا ئاسانکاریان بۆ هاووڵاتیبانی عێراق کردووە و گوتی: هەموو ئەوانە ئاسانکاری کرد لە گەشتکردن بۆ تورکیا. سالّی رابردوو یەک ملیۆن و 170 هەزار عێراقی سەردانی تورکیایان کردووە بۆ گەشت.

یلدز باسی لەوە کرد کە پێشانگاکە هەڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە تورکیا تەنها بریتی نییە لە ئیستانبوڵ و ئانتالیا و تیایدا ناوچە گەشتیارەکانی ئیجە، دەریای ڕەش و باشووری خۆرهەڵات بە هاووڵاتیانی عێراقی دەناسێنرێت.

لە پاڵ تورکیا لە هەریەک لە وڵاتانی ئازەربایجان، میسر، لوبنان، تونس، ئیمارات، ماڵیزیا، ئێران، بیلاڕووس، ڕووسیا، تایلاند و فەڕەنسا و 78 کۆمپانیا بەشداربیان لە پێشانگاکەدا کردووە کە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت.

### بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکووک هەنگاوی باش نراون

# شاخەوان عەبدوڵلا: ڕەوشی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە ڕێگە بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا نادەین




شاخەوان عەبدوڵلا، پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، ڕێگە نادەین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجامبدرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بڕیارە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیشەوە ئەنجامبدرێت.

لەمبارەیەوە، شاخەوان عەبدوڵلا، پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی عێراق، بۆ خەبات ڕایگەیاند: تاکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەردەوام دەبین لە کارکردن و سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگای کەرکووکیش هەنگاوی باش نراوە . گوتیشی، بەڵام ئەگەر دۆخی کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە تاوەکوو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادەین هەڵبژاردن لەو شارەدا بکرێت. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیرکرد و لەو کاتەوە دۆخی پارێزگاکە لە هەموو ڕووێکەوە نالەبارە و نیستاش هەوڵی ئاساییکردنەوەی دۆخی پارێزگاکە دەدرێت.



سەرۆکی فەنزوێلا نیکۆلاس مادۆرۆ بە نیازە لەماوەیەکی کورتدا کۆڕانکاری لە کابینەی وەزاریدا بکات



## شاندێکی پەیمانگەی دیپلۆماسیی و ئەکادیمیی ڤیەننا سەردانی پەرلەمان دەکات

# سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە و بەچەند ڕێکارێکی یاسایی و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن

دوێنێ 2019/3/25 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان، لە تەلارێ پەرلەمان پێشوازیی کرد لە شاندێکی پەیمانگەی دیپلۆماسیی و ئەکادیمیی ڤیەننا، بەسەرۆکایەتیی تۆماس رۆ، پرۆفیسۆرو سەرۆکی بەشی مێژوو لە پەیمانگەکە و شاندی یاوەری.

لە دیدارێکدا کە د.مستەفا گۆران، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەمسا ئامادەیبوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کورتەیەکی سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمان لە دەرکردنی یاساو چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و چۆنیەتیی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسا، چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یاخود لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە بێت باسکرد و ڕایگەیاند: "ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە و بەچەند ڕێکارێکی یاسایی و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن و دواتر خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت و ئاراستەی لێژنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن بۆ تاووتوێکردنی لەگەڵ لایەن پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر پڕۆژە یاساکە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زیاتری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەری، پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆکردن و پەسندکردنی".

هەروەها ڕایگەیاند: "ئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچن لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق یەکدەگرنەوە و لە ئێستادا پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی زۆرباشدایەو دەخوازین حکوومەتی عێراق هەنگاوەکانیان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور خێراتر بکەن، لەنێویشیاندا مادەی 140ی دەستوور کەتایبەت بەناوچە دابڕێنراوەکان و لەئاساییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تری نێوان هەردوولا بەجۆرێک کە لەبەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت".

پاشان هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نێوەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کارو چالاکییەکانی پەرلەمانی کوردستانی لە ڕووی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دروستکردن و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان کرد.

لەلایەن خۆیانەوە شاندی میوان، وێڕای پیرۆزبایکردن لە سەرۆک و جێگر و سکرتێری پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونیان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، خۆشحاڵی خۆیان بەسەردانیکردنی هەرێمی کوردستان دەربڕی و مەبەستی سەردانەکەشیان بۆ هەرێم و پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردەوە کە بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوونە لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان.

هەروەها خۆشحاڵی خۆیان بەو سەقامگیری و ئارامی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دەربڕی و ستایشی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ لە باوەشگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان کە لەناوچەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو.

### ئێران...

# بە هۆی لافاوەوە 46 کەس بوونە قوربانی

تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، بە هۆی بارانی زۆرەوە لە شەقامی قورئانی کەریم لە شاری شیراز، لافاو ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی ڕاپێچکردووە و لە ئەنجامدا، 11 کەس گیانیان لەدەستداوە و 35ی دیکەش بریندارببوون.

تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، بە هۆی بارانی زۆرەوە لە شەقامی قورئانی کەریم لە شاری شیراز، لافاو ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی ڕاپێچکردووە و لە ئەنجامدا 11 کەس گیانیان لەدەستداوە و 35ی دیکەش بریندارببوون و دەستبەجێ تیمەکانی فریاکەوتن ڕەوانەی شوێنەکە کران. لە لایەکی دیکەوە سەرۆکی ناوەندی زانیاری و هاتوچۆی ڕێکخستنەکانی ئاسایشی ئێران، نادر ڕەحمانی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی ISNA ڕایگەیاند کە لە شەقامی قورئانی کەریم، زیاتر لە 200 ئۆتۆمبێل بە هۆی لافاوەوە تێکشکاون.

بە هۆی ئەو شەپۆلە بەخوڕەی بارانبارین کە هەفتەیەکە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا و باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی گرتووەتەوە، چەندین بەنداو و پرد ڕووخاون و بەو هۆیەوە سەدان ماڵ ژێرئاو کەوتووە.



### ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ خەبات

# لە دوای ریفراندۆمەوە جیهان قەرزاری گەلی کوردە

هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی ئەو وڵاتانەی کورددیان بەسەر دابەشکراوە سووربوونی کورد بۆ سەربەخۆیی زیاتر دەکات

## ئاستێکی بەرزی خۆڕاگری و مامەڵەی هاوسەنگ لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەبیندرێت



**خەبات-مەریوان نەقشبەندی**

ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا باسی ئازایەتیی گەلی کورد و مافی سەربەخۆبوونی دەکات و دەڵێت: لە دوای ریفراندۆمی ساڵی 2017وە جیهان قەرزاری گەلی کوردە و سەرسوڕمانی خۆی لە هەڵوێستی وڵاتەکەی بەرانبەر ریفراندۆم و ڕێزنەگرتن لە ئەنجامەکانی دەربڕی.

گوس بیلیراکس، ئەندامی کۆنگریسی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: کورد تاکە هێزی مەیدانی ڕاستەقینەی هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە شەڕی دژ بە تیرۆریستان و ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کورد بە تیرۆریستانی داعشی کردووە و ئەو خۆڕاگرییەی بەرانبەر ئەو هەموو زوڵمەی لێی کراوە، بڕواناکەم هیچ هاوپەیمانێکی ئەمەریکا لە جیهاندا کردبێتی، بۆیە جێگەی سەرسوڕمانە کاتێک ئەم گەلە لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا داوایەکی ڕەوای خۆی دەخاتەڕوو و دەیەوێ بڵێت من ئازادیم دەوێت، سەربەخۆیم دەوێت، بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بە بەرزترین دەنگ ڕایدەگەیەنم کە لە ساڵی 2017وە هەموو جیهان قەرزاری گەلی کوردە و کۆتایهێنانی چەکدارانی داعشیش لەسەر دەستی هێزە کوردییەکان لە سووریا ئەوەندەی تر قەرزەکانی کوردی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاد کرد و چیتر ناکرێ بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ خواستەکانی ئەم میللەتە خۆڕاگرە قارەمانە بکرێت.

گوس بیلیراکس کە لەسەر پشکی ویلایەتی فلۆریدا ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکایە، ئاماژەی بەزەروورەتی گۆڕانکاری نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد و پشتیوانی خۆی بۆ سەقامگیری و ئاشتی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکە دەربڕی و گوتی: سەردەڕای ئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی نییە بەڵام هەوڵێکی جیدی دەدات بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکانی عێراق و ناوچەکە و سەردەڕای گوشاری بەردەوامی وڵاتانی ئیقلیمی لەسەر کورد، بەڵام ئاستێکی بەرزی خۆڕاگری و مامەڵەی هاوسەنگ لە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەبینم. لەبارەی ئایندەی کورد لە ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم گۆنگرێسمانە گوتی: هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کورددیان تێدایە، ئەوەندەی تر سووربوونی کورد بۆ سەربەخۆیی زیاتر دەکات، بۆیە ئەگەر ئەو وڵاتانە بیانەوێت وەک نەخشەی سیاسی ئێستایان بەردەوام بن، هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم نییە جگە لە ملدان بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد.



هێرشێکی خۆکوژی لە سۆماڵ کە وەزارەتی کاری ئەو وڵاتەی کردە ئامانج، تێیدا 11 کەس بریندار بوون



# دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر شەڕی ناوخۆی سووریادا..
# کورد چی دەستکەوت؟!

**شەلال گەدۆ:**

## ناکرێ کورد لەم شۆڕشەدا بە دەستی بەتاڵ دەرکەوێت و ڕۆڵە و نەوەکانیشمان بەکوشتن بدرێن

8 ساڵ بەسەر شۆڕشی سووریادا تێپەڕێ، ئەو شۆڕشەی کە لە 15ی ئاداری 2011 دەستی پێ کرد و، کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو وڵاتە بوو، دوای تێکەڵاوبوونی چەندین وڵات ئێستا کورد چی بەدەست کەوتووە لەو وڵاتەدا؟

هەر لە دەستپێکردنی شۆڕشەکەدا وڵاتانی زلهێز بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، هەندێک گەڕاونەوە لای ڕژێم، کە ئەسەد سەربەرشتیی دەکات و هەندێک گەڕاونەتەوە بۆ لای ئۆپۆزسیۆن، کە ئەمەریکا سەرپەرشتیی دەکات.

**KDP.inf: کاروان باعەدری**

**چارەسەری سیاسی**

ئەندامێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا دەڵێ: ئێمە پێمان وابوو کە شەڕ هیچ شتێک لە ڕەوشی سیاسیی کورد و سووریا ناگۆڕێت، چارەسەری سیاسی باشترین بژاردەیە بۆ ئەو وڵاتە و بڕیاری سیاسی لەدەست سوورییەکاندا نییە، بەڵکو لەدەست وڵاتە زلهێزەکاندایە.

شەلال گەدۆ، کە خۆی ئەندامی ئیتلافی نیشتمانیی ئۆپۆزسیۆنی سووریایە، بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: "ناکرێ کورد لەم شۆڕشەدا بە دەستی بەتاڵ دەرکەوێت و ڕۆڵە و نەوەکانیشمان بەکوشتن بدرێن."

**نەمانی داعش**

داعش لە ساڵی 2014ـەوە بە ناوی 'دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام' سەری هەڵدا و لە (2019/3/23) کۆتایی بە خەلافەتەکەی هات.

ئەمەریکا لە جەنگی دژی داعشدا دوو ڕووی جیاوازی هەبوو. لەسەر ئاستی سیاسی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن کاری دەکرد و، لە ئاستی سەربازییش لەگەڵ هێزی سووریای دیموکرات مامەڵەی دەکرد. لەو بارەیەشەوە، شەلال گەدۆ دەڵێ: شۆڕشی سووریا لەگەڵ دەستپێکردنی داعش سەری هەڵنەداوە، بە نەمانی ئەوانیش کۆتایی بە شۆڕش ناهێت.

گەدۆ دەشڵێ: دەبێ کورد لەو شۆڕشەدا خاوەن دەستکەوتێکی هاوبەشی کورد بێت، ناکرێ لایەنێکی وەک پەیەدە خۆی بەسەر کوردەکانی تردا بسەپێنێت.

بە بۆچوونی پسپۆڕانی سەربازی، داعش وەک ناو تەواو بووە، بەڵام تا ئێستا وەک هەزر ماوە و بە پێی سەرچاوە ئەمنییەکان، تا ئێستا داعش لە چەندین شوێن وەک مووسڵ و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا چالاکییان هەیە.

**کورد لە شۆڕشی سووریادا**

لەسەر ئاستی سیاسی، ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا هەنگاوی نێودەوڵەتیی ناوە، وەک حەواس عەگید، ئەندامی شاندی دانوستانکاری کورد لە ئۆپۆزسیۆنی سووریادا دەڵێ: جیهان لەگەڵ ئەوەیە کورد بە یەک بەرە دەتوانن مافەکانیان دەستەبەر بکەن و دەبێ ئەنەکەسە و پێشمەرگەی ڕۆژ بەشێکی دانەبڕاوی ڕۆژئاوای کوردستان بن.

حەواس عەگید بە مانّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی مافی کورد لە دەستووری نوێی سووریادا بچەسپێنین.

**تاکڕەویی پەیەدە**

ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد لاببات، کەچی پەیەدە جارێکی تر دەیەوێ بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ڕژێمەوە و بەمەش ئەنەکەسە دژیەتی.

ئەنەکەسە دەڵێ: پەیەدە دەتوانێت لەگەڵ ڕژێم و هەموو لایەک بێت، کەچی لەو پارچەیەی کوردستاندا دژی کوردە.

**بیرۆکەی ناوچەی ئارام**

کورد لە بیرۆکەی ناوچەی ئارامدا بۆچوونێکی هاوبەشیان هەیە، تەڤدەم و ئەنەکەسە پێیان وایە، ئەم ناوچەیە دەبێ لەژێر چاودێڕیی نێودەوڵەتیدا بێت.

هەرچەندە هیچ هەنگاوێکی ئەم بیرۆکەیە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ڕووسیا دەیەوێ ئەو ناوچەیە لەژێر چاودێڕیی ڕژێمدا بێت و، تورکیاش خۆی بۆ ئەو ناوچەیە ئامادە کردووە.

ئێستا عەفرین لە ژێر ڕکێفی کورددا نییە و لەدوای دەستپێکردنی شۆڕشەوە تا ئێستا ملیۆنێک کورد کۆچبەر بوون.

کورد لە دوای نەمانی داعش دڵنیا نییە لەوەی کە ئاخۆ ئەمەریکا لەگەڵی دەمێنێت، یان وەک یاریزانێک کە لە دژی داعش شەڕی پێ کردن، مافەکانیان پێی دەدات، چونکە لە کاتی دەستگرتنی تورکیا بەسەر عەفرینداً ئیدارەی خۆسەر گلەییی لە ڕووسیا دەکرد، کە پشتی تێکردوون.

**حەواس عەگید:**

## دەبێ ئەنەکەسە و پێشمەرگەی ڕۆژ بەشێکی دانەبڕاوی ڕۆژئاوای کوردستان بن

سەری هەڵدا و لە (2019/3/23) کۆتایی بە خەلافەتەکەی هات.

ئەمەریکا لە جەنگی دژی داعشدا دوو ڕووی جیاوازی هەبوو. لەسەر ئاستی سیاسی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن کاری دەکرد و، لە ئاستی سەربازییش لەگەڵ هێزی سووریای دیموکرات مامەڵەی دەکرد. لەو بارەیەشەوە، شەلال گەدۆ دەڵێ: شۆڕشی سووریا لەگەڵ دەستپێکردنی داعش

# ستوونەکانی کارەبا کەوتوون و 83 گوند لە تەزووی کارەبا بێ بەشبوون

# شەپۆڵی بەفر و باران لە ماردین و هەکاری لافاو و هەرەسهێنانی بەفری بەدواوە هات





**خەبات:** باکووری کوردستان بارانی بەخۆڕ کاریگەریی نەرێنیی کردە سەر ژیانی خەڵکی لە شارۆچکەی میدیات سەربە پاریزگای ماردین.

بە هۆی ئەو بارانە زۆرە ناوچەکەی گرتەوە، چەندین خانوو و شوێنکاری گەڕەکی جومهوریەت ئاوی تێچوو.

دوای ئەوەی هەواڵدرا کە سێ کەس لەنێو ژێرزەمینی ماڵێکدا بە هۆی ئاوەوە گیرانخواردووە، تیمەکانی ئافاد و ئاگرکوژێنەوەی شارۆچکەکە ڕەوانەی شوێنەکە کران. تیمەکان توانییان هەرسێکیان ڕزگار بکەن کە لە دوو منداڵ و دایکێک پێکهاتبوون.کۆڵان و گەڕەکەکان پڕ ئاو بوون و خەڵکی بە بەلەم دەپەڕێنرێنەوە لە شەقامەکان. قایمقامی میدیات، حوسەین تەکین سەردانی ئەو گەڕەکانەی کرد کە لافاو گرتوویەتەوە و کارەکانی لە شوێنی خۆی بەسەرکردەوە.

هاوکات لە شارۆچکەی شیروان سەربە پاریزگای سێرت، بە هۆی بەفر و تونەبای بەهێزەوە هەندێک لە ستوونەکانی کارەبا کەوتوون و 83 گوند لە تەزووی کارەبا بێ بەشبوون و تیمە پەیوەندیدارەکان توانیویانە تا ئێستا کارەبا بۆ 54 گوند دابین بکەنەوە و هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنەوەی کارەبا بۆ 29 گوندەکەی دیکە بەردەوامە.


لە ئاکامی هەرەسهێنانی بەفر لە ناوچەی گوزالدەرە لە سنووری پاریزگای وان، ڕێگای سەرەکی نێوان پاریزگاکانی وان و هەکاری داخرا.

لەگەڵ بەردەوامی کاریگەری نەرێنی شەپۆڵی سەرماو سۆڵە لە نەوەدەمین کیلۆمەتری ڕێگای هەکاری هەرەسهێنانی بەفر ڕوویدا کە بە هۆیەوە ڕێگای سەرەکی نێوان پاریزگاکانی وان و هەکاری داخرا.

تیمەکانی ڕامالّینی بەفر کارەکانی پاککردنەوەی ڕێگاکەیان دەستپێکرد و تیمەکانی ئافادیش هەوڵی ڕزگاکردنی ئەو هاوواڵاتییانە دەدەن کە لەنێو ئۆتۆمبێلەکانیان لە ناوچەکەدا گیریان خواردووە.

لە لایەکی دیکەوە 16 کەس کە بە هۆی شەپۆڵی سەرماو سۆڵەوە باری تەندروستییان تێکچوو بوو، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سنووری پاریزگای وان کران و ڕزگارکردن و کردنەوەی ڕێگای ناوچەکە بەردەوامە.

# پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندن لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکات



بۆ گەیاندنی پیرۆزبایی 24مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، دوێنێ دووشەمە، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی، بە یاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەییان لە شاری هەولێر کردو لە لەلایەن غەفور مەخموری سکرتێری یەکێتی نەتەوەی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران.

لە دیدارەکەدا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی، بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەواوی کادیر و ئەندامانی کرد.

هەروەها هیوای خواست ئەم یادە هەنگاوێکی دیکە بێت بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو پاراستن و پێشکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی گەلی کوردستان، هەرلەم دیدارەدا باس لە پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم قۆناغە هەستیاردا کرا، کە بۆتە زەرورەتێکی پێویست بۆ ئێستا و ئایندەی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسییەکەی، هەروەها پرسی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت و گفتوگۆی لایەنەکان لەم بارەیەوە خرایەروو.

هاوکات باس لەبەرپرسیارەتی مێژووی نەتەوەی و نیشتمانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکان وخزمەت کردنی خەڵکی کوردستان دوور لە بەرژەوەندی حزبی لە پێناو سەرکەوتن بەسەر ئەم بارودۆخە کرایەوە .

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان بەڕێز حوسێن جاف**

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (جەمال محەمەد ئەمین) ناسراو بە(جەمال بەگ)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێزکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستاتان دەکەین.

لەخودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**انا لله وانا اليه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

# ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر جارێکی دیکە پرۆژەی دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ئاراستەی حکوومەت دەکاتەوە



جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر گوتی: دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەی دانەوەی پاشکەوتی مووچەی فەرمانبەران لە لایەن حکوومەت ڕەت کرایەوە، ئێستا دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان باشتر بووە، بۆیە سبەی دووبارە پرۆژەکە بەکۆمەڵێک گۆڕانکاریەوە ئاراستەی حکوومەت دەکەنەوە.

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، خانزاد مام وسوو، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: ئەمڕۆ سەعات 10 و 30 خولەکی بەیانی، ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کۆ دەبێتەوە و تێیدا پرۆژەی دانەوەی قەرزی فەرمانبەران لە پاشەکەوتی مووچە لە لایەن حکوومەتەوە کە پێشتر ئاراستەی حکوومەتیان کردبوو و بەهۆی قەیرانی داراییەوە جێبەجێ نەکرا، ئەمجارە دووبارە پێداچوونەوەیەکی وردی پێدا دەکەن و کۆمەڵێک گۆڕانکاریشی تێدا دەکەن و ئاراستەی حکومەتی دەکەنەوە، چونکە ئێستا دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان باشتر بووە.

خانزاد مام وسوو گوتیشی: جگە لەوەی حکومەت قەرزداری فەرمانبەرانە، هاوواڵتیانیش قەرزاری حکوومەتن، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە زۆرێک لە هاوواڵتیان قەرزی کەرتی وەبەرهێنانیان لایە کە پێویست بووە بە شێوەی قیست بیدەنەوە و بەهۆی پاشکەوتکردنی مووچە نەیانداوەتەوە، بۆیە داوا دەکەن پرۆژەکە کارا بکەینەوە و ئاراستەی حکوومەتی بکەینەوە، بۆ ئەوەی حکوومەت هاوکاریان بکات و بتوانن قەرزی خۆیان بدەنەوە.

خانزاد مام وسوو باسی لەوەش کرد، دوای ئەوەی کە سبەی پرۆژەکە ئاراستەی حکوومەت دەکەن، دواتر هەوڵ دەدەن حکوومەت کار بەو پرۆژەیە بکات، بۆ ئەوەی مووچەخۆران لێی سوودمەند بن و ئەو بارە قورسەی سەرشانیان هەندێک سووک بکرێت.

# بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر: ماوەی پێدانی کارتی نیشتیمانی درێژ کرایەوە



**خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:**

عەمید عەبدولڕەحمان ئیسماعیل بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: ڕۆژانە هاوواڵتیان سەردانمان دەکەن بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی کارتی نیشتیمانی و لەشاری هەولێر 18 بنکەی پێدانی کارتی نیشتیمانی کاردەکەن و لە نەخشەو پلاندایە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموو فەرمانگەکانی پێدانی کارتی نیشتیمانی کاراتر بکەینەوە.

سەبارەت بە دەنگۆی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی باری کەسیەتی و ناسنامەی شارستانی و وەستانی پێدانی کارتی نیشتیمانی عەمید عەبدولڕەحمان ئیسماعیل گوتی: هاوواڵتیان دڵنیا دەکەمەوە هیچ هەنگاوێک لەبەغدا بەبێ هاوکاری و هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ ناچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی باری کەسیەتی و شارستانی گوتی: ئەگەر هاتوو ئەو دوو ناسنامەیە هەڵوەشێتەوە ئەوا کێشە دروست دەکات و دووبارە لە ڕاستی و پێدانی کارتی نیشتیمانی پرۆسەیەکی درێژ خایەنە و مامەڵەی کارتی نیشتیمانی نەوەستاوە و تا ئێستا 400 هەزار کارتی نیشتیمانی لە هەولێر تەواو بووە و بڕیار وایە بەم نزیکانە فەرمانگەی بارزان و میرگەسوور و بەحرکە و مەخمور و ژمارەیەک شوێنی دیکە بکرێتەوە بۆ ڕایی کردنی مامەڵەی هاوواڵتیان بۆ ئەوەی قورسایی لەسەر شارەکان نەمێنێ.

# هاوواڵتیان گلەییان لە گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو هەیە



**ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی:**

ماوەیەکە هاوواڵتیان گلەیی و گازندەیان لە گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو هەیە و دەڵێن بڕچی نرخی یەک کیلۆ مریشک لە 1600 دینارەوە بوو بە 3000 هەزار دینار و دەبوایە نرخەکە بەو شێوەیە نەبێت و چاوەڕوانن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەدواداچوون بۆ ئەو گرانبوونە بکردایە.دیارە کێڵگەکانی پەلەوەر ببیر لە هەرزانکردنی نرخی مریشک ناکەنەوە ولابردنی پاشەکەوتی مووچەش دەکەنە بەهانەو دوای جەژنی نەورۆزیش ئەو نرخە هەر دانەبەزی سەبارەت بەگران بوونی نرخی مریشکی ژمارەیەک لە هاوواڵتیان قسەیان بۆ کردین

هاوواڵتییان: دەبوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچونیان بکردابوایە

مام سلێمان گوتی: زیاتر لە دوو هەفتەیە نرخی مریشکی زیندوو هەر گرانە پێشتر نرخی یەک کیلۆ مریشکی زیندوو بە 1500 دینار بوو، بۆچی یەکسەر نرخەکە بوو بە 3000 هەزار دینار و ئەو بارە نرخەش وایکردووە کە هەموو کەسێک نەتوانێ مریشکی زیندوو بکڕێت، دەبوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون بۆ بابەتی گرانبوونی نرخی مریشک بکەن.

خاتوو بەدریە گوتی: ئەگەر سەردانی هەر مریشکفرۆشێک بکەی نرخی مریشکیان گران کردووە و هەر مریشکفرۆشەو بە جۆرێک نرخ بۆ مریشک دادەنێت بە تایبەتی لەدوای لابردنی پاشەکەوتی مووچە نرخی کاڵاکان گران بووە.

دواتر سەبارەت بەگران بوونی نرخی مریشک سەردانی لایەنی پەیوەندیدارەکانمان کردو لەنزیکەوە دکتۆر جەمال محەمەد، بەڕێوەبەری کەرەنتینەی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری گوتی: دیارە هۆکاری گرانبوونی نرخی مریشکی زیندوو بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، وەک کەمکردنەوەی هاوردەکردنی هێلکەی پیتێندراوە لە وڵاتی ئێران و چەند وڵاتێکی دیکە ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکە خواست لەسەر مریشکی زیندوو زۆرە جگە لەوەش نرخی هێلکەی پیتێندراو نرخەکەی گران بووە و لە 25 سەنتەوە بۆتە 45 سەنت، بۆیە نرخی مریشک گران بووە هەروەها ئاماژەی بەوەدا: ڕێژەی بەرهەمی هێلکەی پیتێندراوی ناوخۆش لە ساڵی 2017 لەگەڵ هاوردەکردنی هێلکەی پیتێندراو نۆ هەزار و 129 تۆن بووە ئەگەرچی لە ساڵی 2018 بەرهەمەکە کەمی کردبوو بۆ چوار هەزار و 312 تۆن، هۆکارێکی دیکەیش بەشێکی مریشکی زیندووی کوردستان بۆ شارەکانی خواروو عێراق هەنارد دەکرێت، بۆیە نرخی مریشکی زیندوو بەرزبۆتەوە شایانی باسە لە کوردستان بە پێی یاسا، فرۆشتنی مریشکی زیندوو قەدەغەیە و ماوەی سێ ساڵیشە بە نووسراوی ڕەسمی داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە فرۆشتنی مریشکی نەهێڵدرێت و سوود لە سەربڕینخانەکان وەربگیرێت تا مریشکی فرێش بکەوێتە بازاڕەکان و بە هۆیەوە ئەو بەرزی و نزمییەش نامێنێ

داوامان کردووە سوود لە سەربڕینخانەکان وەربگیرێت تا مریشکی فرێش بکەوێتە بازاڕەکان و بە هۆیەوە ئەو بەرزی و نزمییەش نامێنێ

دیارە لەکوردستان حەوت سەربڕخانەی پەلەوەر هەیەو چواریان لە هەولێرەو دووانیان لە شاری سلێمانیەو یەکیان لە شاری دهۆکەو توانای هەریەکێکیان لە کاتژمێرێکدا بڕیتیەلە 35هەزار مریشکە بۆیە ئەگەر مریشکی فرێش بکەوێتە بازاڕ ئەوا نرخەکە هەرزان دەبێت.

www.xebat.net
ژمارە (5716) 2019/3/26 سێ شەمە



# داڕووخانی پردێک، ڕێگەی نێوان سلێمانی و گەرمیانی داخست

چەند پردێک گەیاندووە، دیارترینیان داڕووخانی پردی دەرەدۆین-ە لە نێوان هەردوو شاری دەربەندیخان و کەلار کە سلێمانی گەرمیان پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕۆژانە هەزاران ئۆتۆمۆبێل لەو ڕێگایەوە هاتوچۆ دەکەن و ڕێگای دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخانی لەسەرە.

قایقامی دەربەندیخان، ناسح مەلا حەسەن لەو بارەیەوە ڕایگەیاند: ئەم باران بارینە بەجۆرێک زۆر بووە کە لە ماوەی سێ کاتژمێردا بڕی 34ملم باران باریوە، بەوەش ئاستی ئاو زۆر بەرز بۆتەوە و لافاو لە زۆر ناوچەدا دروستبووە، بەتایبەت لە پردی دەرەدۆین و پردێکی تری سەرەکی ناوچەکەش کە هەردووکیان بەو هۆیەوە داڕووخاون و ڕێگای هاتوچۆ بەتەواوی بڕدراوە.

گوتیشی: بارانبارین زیانی گەورەی بە ڕێگاوبانەکانمان گەیاندووە، لەئێستادا بۆ هاتوچۆکردن لە بری ئەو ڕێگەیەی ئێستا، ڕێگای بناری بەمۆ بەکاردەهێنرێت، تیمەکانی ڕێگاوبان گەیشتونەتە ناوچەکە و لە دوای ئاسایبوونەوەی کەشوهەوا دەست بە چاککردنەوەی پردەکە دەکرێت.

قایمقامی دەربەندیخان ئەوەشی گوت: تاوەکو ئێستا و لە میانی ئەمسااڵدا، هەزار و 140ملم باران لە سنووری دەربەندیخان باریوە، ئەوەش یەکەمجارە لە ماوەی 60 ساڵی ڕابردوو هێندە باران لەم ناوچەیەدا ببارێت.

ڕووخانی ئەو پردە ئاستەنگی هاتوچۆی گەورەی دروستکردووە و شۆفێران ناچارن ڕێگایەکی دوورتر و سەختر ببڕن بۆ هاتوچۆکردن لەنێوان هەردوو شارەکەدا.

بە هۆی کاریگەری دوو پاڵەپەستۆی نزم کە لە دەریای ناوەڕاست و دەریای سوورەوە هەڵیان کردووەتە سەر ناوچەکە لە یەکشەممەوە شەپۆلێکی باران بەرینی بەهێز هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە و لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان بەو هۆیەوە لە چەندین ناوچە لافاو دروستبووە و دەوامی زۆربەی خوێندنگەکانیش ڕاگیران.

## بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر

# خاوەنی پاڵاوگەکان دەدرێنە دادگا و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر



بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، هێزی هاوبەش بۆ لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکان پێک دەهێنرێت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش ڕایدەگەیەنێت، پێشتر تەنها پاڵاوگەکان دادەخران، بەڵام ئێستا دوای داخستنیان، خاوەنی ئەو پاڵاوگانە دەدرێنە دادگا و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر. بەپێی نووسراوی ژمارە 5436ی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە 2019/3/24 دەرچووە، سێ هێزی هاوبەش لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک بۆ لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکان پێک دەهێنرێن، هێزە هاوبەشەکانیش پێک دێن لە پۆلیس، پۆلیسی فریاکەوتن، پۆلیسی نەوت و گاز و زێرەڤانی. لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بۆمالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کردوە، ئەو بڕیارە لە ساڵی 2018ـوەدەرچووە، کە هەموو پاڵاوگە نایاساییەکان بە زووترین کاتدابخرێن، ئەوە بوو لە ساڵی 2018ـدا 51 پاڵاوگەی نایاسایی داخران، ئەوانەی کە ئێستاش ماون بە شێوەیەکی فەرمی داوایان لێ کراوە کە دابخرێن. وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم ڕاشیدەگەیەنێت، کە سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی ئەو پاڵاوگە نایاساییانە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پابەند نەبوون بە بڕیاری لابردنەکە. تەڵعەت دووپاتیشی کردەوە: ئەگەر بڕیارەکە جێبەجێ نەکەن، سزای جەزا، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، گوتیشی: ئێستاش ئامادەکاری بۆ ئەو قەدەخەکردنە دەکرێت و بڕیارەکەش لە 1-6-2019ـەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. پێشتر بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە واژۆی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی لەسەر بوو، کاری شۆفێری تاکسی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەشێک لە فەرمانبەرانی دیکەی حکومەت قەدەخەکرا.

ڕێکاری یاسایی دەگرینە بەر، هەموویان دادەخەین و شوێنەکانیشیان لێ تێک دەدەین، چونکە پێشتر تەنها پاڵاوگەکان دادەخران، بەڵام ئێستا دوای داخستنیشیان، خاوەنی ئەو پاڵاوگانە دەدرێنە دادگا و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

جەختیشی لەوە کردەوە، کە لیژنەیان پێک هێناوە، ئەو لیژنەیەش سەرپەرشتیی داخستن و ڕێکارە یاساییەکان دەکات، کە پێک هاتووە لە پۆلیس، زێرەڤانی، ئاسایش، پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی نەوت و گاز.

# بە بەڵێننامە شۆفێریی تاکسی لە کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەخە دەکرێت



بەڵێننامەیەک بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پردەکرێتەوە، بەوەی لە سەرەتای مانگی شەشی ئەمساڵەوە کاری شۆفێری تاکسی نەکەن بۆ ئەو مەبەستەش فۆرمێک بەسەر ئەو هێزانەدا دابەشدەکرێت.

بەپێی ناوەڕۆکی فۆرمەکە، دەبێت هەموو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە بریتین لە: ئاسایش، پۆلیس، زێرەڤانی، بەرگریی فریاکەوتن، ڕەگەزنامە، هاتووچۆ، پاسەوانی سنوور، گومرگ و کارمەندانی میلاکی سەربازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە ناوەڕاستی ئەمساڵەوە بەهیچ جۆرێک کاری شۆفێری تاکسی نەکەن. سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندوە، بڕیاری قەدەخەکردنی کاری شۆفێری تاکسی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەمێکە دەرچووە و گوتیشی: ئێستاش ئامادەکاری بۆ ئەو قەدەخەکردنە دەکرێت و بڕیارەکەش لە 1-6-2019ـەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. پێشتر بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە واژۆی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی لەسەر بوو، کاری شۆفێری تاکسی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەشێک لە فەرمانبەرانی دیکەی حکومەت قەدەخەکرا.

## کۆڕەک تیلیکۆم: بڕیارەکەی دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق نادادپەروەرانەیە

کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی سزادانی کۆمپانیاکەیان لەلایەن دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقەوە بڵاوکردەوە و بڕیارەکە بە نادادپەروەرانە و زاڵمانە ناو دەبات.

دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمی سزاداوە، داواش لە تۆڕە هاوبەشەکانی کۆڕەک دەکات پەیوەندییەکانیان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لەگەڵ ئەو تۆڕە بپچڕێنن، بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانیان.

لە بەشێکی ڕاگەیێندراوەکەی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمدا هاتووە بڕیاری دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق زاڵمانە و نادادپەروەرانەیە و لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی عێراقدا نییە، بەڵکو ئەم دەستەیە ویستوویەتی سزای هاووڵاتییان بدات و بێبەشیان بکات لەم خزمەتگوزارییە و زەرەر بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیێنێت. لەبری ئەوەی بیر لە چارەسەری دیکەی بە کەڵک بکاتەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دابنیشێ، بەرژەوەندی هاووڵاتییانی بن پێ کردووە و ناوبانگی کۆمپانیاکەمانی ناشرین کردووە. کۆڕەک تیلیکۆم داوا لە دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق دەکات، لەم بڕیارەیان پاشگەز ببنەوە و فەرمان بکەن بە دووبارە بەستانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیاکان بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیانی عێراق.

# هۆشداری دەدرێتە ئەو ماڵانەی دەکەونە سەر ڕووبار و چەمەکان

**خەبات ـ سەید فەخرەدین/ سەبریە یوسف:**

ئاسۆ نیعمەت لێپرسراوی خزمەتگوزاری لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگەپارێزی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات، ڕاگەیاند: وەکو لە دەزگای کەشناسی ئاگادار کراوینەتەوە کە لەم چەند ڕۆژەدا بارانێکی بەخۆڕ دەبارێت و ئەگەر ڕووداتی لافاو لە ئاراداییە، ئێمە هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ هاوکاری هاووڵاتییان لە کارەکانماندا سەرکەوتوو نابین و داوا دەکەین لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری و ئاسانکاریمان بۆ بکەن.

ئاسۆ نیعمەت گوتیشی: بە هاوکاری کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی شار بۆ بارودۆخە لەناکاوەکان لە هەموو سنوورەکان لیژنەمان هەیە و لە کاتی ڕووداتی هەر ئەگەرێک لە ئامادەباشی تەواو داین. هەروەها خاوەن خانووە کۆنەکان و ئەو شوێنانەی مەترسی لافاویان لە سەر هەیە، داوا دەکەین ئاگاداری گشت مەترسییەکان بن و ئامادەکاری پێویست بکەن.

جێگەی ئاماژەیە شەوی ڕابردوو بە هۆی بارانبارینی بەهێز لە گەڕەکی بێریڤی هەولێر، خانوویەک ڕما و خۆشبەختانە ماوەیەکە چۆڵ کرابوو زیانی گیانی نەبوو.

هەروەها بە هۆی ئەو هۆشداریەی دەدرێت لە بارانبارینێکی بەهێز، قائیمقامی شارۆچکەی کەلار هۆشداری دەداتە هاوڵاتیان ئاگاداری خۆیان و بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوت و هاتووچۆ بکەن.

لەو بارەوە، سیروان حەسەن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قائیمقامیەتی شارۆچکەی کەلار، بەخەباتی ڕاگەیاند: قایمقامیەتی قەزای کەلار ئاگاداری هاووڵاتییانی شاری کەلار و دەروبەری دەکاتەوە بە پێی پێشبینییەکانی کەشوهەوا، ئەگەری باران بارینی بەهێز لە ئارادایە و بۆ ئەو مەبەستە داواتان لێدەکەین ئاگادار و بە ئاگابن بە تایبەتی ئەو خانوانەی دەکەونە سەر چەمی ڕووباری سیروان.

گوتیشی: هەروەها ئاگاداری ئەو ماڵ و گەڕەک و ناوچانەی نزیکن لە ڕێڕەوی ئاوی لافاو و ناوچە نزمایییەکانی دەوروبەری شارەکە ئاگادارین و بۆ هەر حاڵەتێکی نەخوازراو.

ناوبراو، باسی لەوەشکرد، هەر لێرەشەوە هەموو لایەک دڵنیادەکەینەوە تیمە فریاگوزارییەکان لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئامادەباشیدان و بۆ هەر حاڵەتێکی نەخوازراویش، داواتان لێدەکەین پەیوەندی بکەن بەم ژمارە مۆبایلانەوە بکەن. قایمقامیەتی کەلار: 07729969545

07701573996.بەرگری شارستانی: 115 پۆلیس: 104. شارەوانی: 07701484231

بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی زێبی بچووک، بەڕێوبەری ناحیەی تەقتەق داوای لە هاووڵاتییان کردووە دوور بکەونەوە لە کەنار زێبەکان لە سنووری ناحیەی تەقتەق و ئاشتیی سەر بەقەزای کۆیە.

حاکم عومەر ئەحمەد بەڕێوبەری ناحیەی تەقتەق بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕایگەیاندوە: داواکارین لە هاووڵاتیانی سنووری ناحیەی ئاشتی و تەقتەق، بەتایبەت ئەو جووتیار و هاووڵاتییانەی خەریکی کاری کشتوکاڵین، خۆیان بەدوور بگرن لە نزیکی کەنار زێ، چونکە لە کاتی ئێستادا زیاتر لە مەترێک ئاوەکە بەرز بووەتەوە. گوتیشی تکا دەکەین لە هاووڵاتیان خۆیان بپارێزن.

هەر بەهۆی بارانبارینی شەوی ڕابردوو 2019/3/25 چەند خانوویەکی میژوویی و ئاسەواری گەڕەکی بەفری قەندیل، کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە، داڕووخاون.

میژۆی دروستکردنی ئەو خانوانە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا و لە ساڵی 1950 دروست کراون و لە ڕیزی ئاسەوار و شوێنەوارە دێرینەکانی کۆیەدا تۆمار کراون، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و نەپاراستنیان بەرەبەرە لەناو دەچن.

بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندوە: زۆرترین بارانی 24 کاژێری ڕابردوو لە شەمامک و ئامێدی و هەولێر بووە و لەمساڵدا لە 15 شوبێنی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەزار ملیم باران باریووە.



## ئادار و نەورۆز

# ئادار هەر ل رۆژا ئێکێ هەتا 31ێ یا تژییە ل بیرهاتنێت تەحل و شیرین بۆ گەلێ مە



**سەباح بەیتوللا**

ل رۆژا 1/ 3/ 1979ێ رۆژا مالئاڤاهیا ریبەرێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانی یە ... ئەز نابێژم مالئاڤاهی چونکی ریباز و هزر و بیروباوەریت بارزانی دساخن و چ جارا نامرن لەوا بارزانی نامریت و حەتا کورد و کوردستانی هەبن ناڤێ پیرۆزێ بارزانی ژی دێ هەر مینیت زیندی ، لەورا دبینین هەر سالّ ب هزاران مریدیت ڤێ ریبازێ لسەر تا سەری کوردستانێ و دەرڤەیی کوردستانێ ب هەمی نەتەوە و ئول و ئایینڤە قەستا مەزارێ نەمران دکەن و سوزوپەیمان و وەفاداریا خۆ دووبارە نوی دکەنەڤە بو بارزانییێ نەمر ومەزن کو ل سەر وێ ریبازێ بەردەوام بن کو ریباز و قوتابخانەیا راستەقینە و راست ودروست یا کوردایەتیێ یە ...

ریبازەکا یا دوهی بوو و یا ئەڤرۆیە و یا سوبەهی ژی یە ...ریبازا رزگارکرنا گەلێ کوردستانێ یە و گەهشتنە ب ئارمانجا خۆ یا دویماهییێ کو شادبوونە ب ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ کو ئەڤە ژی هیڤی و ئومێدا هەر کوردەکێ دلسوز و نیشتیمانپەروە رە ...

ئەگەر بەرپەرێت دیرۆکێ ب هویری هەلدەینەڤە و بەرێ خۆ بدەینێ ، ئەرێ راستە سەرهلدان هەر هوسا دروست بوو یان ئەنجامەک بوو بو گەلەک بابەتان . بێگومان سەرهلدان ئەنجامێ خەباتەکا دویر و دریژا گەلێ مەیە ... ئەنجامێ خەباتا پتر ژ نیف چەرخێ ریبەرێ تەڤگەرا رزگاریخوازیا گەلێ مە مستەفا بارزانی یە ... ئەنجامێ بکارئینانا درندەترین و هوڤترین شێوێت زولم و زوری و ستەم و جینوسایدکرن و ئەنفالکرنێ یە ، گرتن و ئەشکەنجەدان و ل سێدارەدانا رۆژانە و کاڤلکرنا پتر ژ (4500) گوندان ب هەمی سروشتێ خوڤە و ب عەرەبکرن و ب بەعسیکرنا کوردستانێ و کومەلگەهێن زورەملی و نەهێلانا شینواریت گەلێ مەیە ... بەلێ ئەڤە هەمی بونە بورکانەک و بێزاری و تەنگژینا جەماوەرێ کوردستانێ و ل رۆژا (1991/3/5)ێ وەکی بورکانەکا مەزن پەڤی و کوچک و دیوانیێت زولم و زوردارییێ هەرفاندن و گەلێ کوردستانێ هاتە پێکئینان دێ گەورینێت ئابووری تێن باش پەیدا بن و لدیف نوچەیەکێ روژنامە ئەڤرو پشتی ئیمزاکرنا ڤێ ریککەفتنێ بهایێ کرین و فروتنا ئەرد و خانیا لگەلەک دەڤەرێن هەرێما کوردستانێ بلند بویە و لڤێن هەتا رادەیەکێ کەفتیە ناڤ بازاری ،زێدەباری بو بەرسڤ دانا پرسیارا لسەری ئەم دشێین بێژین بەلێ ئە دێ ژین و ژیارا هەڤولاتیان ژی بەرەف باشیێ ڤە چن و ئابوور دێ گەشەکێ.



## رێکەفتنا لایەنێن سیاسی چەندا گرنگە بو جێگربوونا ئابووریا هەرێما کوردستانێ؟

**سەردار شاکر سلێڤانەیی***

یا خویایە جێگربونا بارێ ئابووری یا گرێدایە ب بەرقەرارىونا سەقامگیریێ دناڤا پارتێن دەستهەلاتدار لهەروەلاتەکێ دا ,و ئەم بێژن چەند پارتێن سیاسی ل وەلاتەکێ بەرەف ئێککگرتنێ و ئیمزاکرنا رێکەفتنان ڤە بچن پتر دێ سەقامگیریا سیاسی پەیدا بت و چەند ئەڤ سەقامگیریە زێدەتر ببت دێ کاودانێت ئابووری ژی بەرەف باشیێ ڤە چن و ئابوور دێ گەشەکێ.

ل ئێڤاریا روژا دووشەمبێ لرێکەفتی 4/ 3 هەردوو پارتێن دەستهەلاتدار لهەرێما کوردستانێ رێکەفتن ژ بو پێکئینانا کابینا نویی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و دەستنیشانکرنا سەروکێ پەرلەمانی دگەل سەروکێ هەرێمێ پشتی چاڤەرێبونەکا زور یا هەڤولاتیان ئەڤ رێکەفتن هات ئیمزاکرن ,لڤێرە جهێ پرسیارێ یە ئەرێ ئەڤ رێکەفتن دێ کارت بارێ ئابووری لهەرێما کوردستانی جارەک دی جێگرکت؟ یان ژی ئەرێ ئەڤ رێکەفتنە دێ بتە هاندەر بو باشترکرنا ژین و ژیارا هەڤولاتیان ژلایێ ئابووریڤە یان نە؟ ئەگەر ئەم بێن و هویر لسەر ڤێ رێکەفتنێ براوەستن دێ بینن کو ئەگەر هات و ئەڤ رێکەفتنە سەرگرت و کابینا نویی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتە پێکئینان دێ گەورینێت ئابووری تێن باش پەیدا بن و لدیف نوچەیەکێ روژنامە ئەڤرو پشتی ئیمزاکرنا ڤێ رێکەفتنێ بهایێ کرین و فروتنا ئەرد و خانیا لگەلەک دەڤەرێن هەرێما کوردستانێ بلند بویە و لڤێن هەتا رادەیەکێ کەفتیە ناڤ بازاری ،زێدەباری بو بەرسڤ دانا پرسیارا لسەری ئەم دشێین بێژین بەلێ ئە دێ ژین و ژیارا هەڤولاتیان ژی بەرەف باشتر بونێ ڤە چت و دێ لڤینەک باش کەفتە ناڤ بازاری چونکی هەڤولاتی دێ دراڤێ خوە ئێختە ناڤ بازاری ئەگەر دیت کاودان تێت سەقامگیرن ژلایێ سیاسیڤە و دێ کارت وەبەرهێنانێ بدراڤێ خوە کت و ئەڤ یەکە دێ بتە ئەگەر بازار پتر گەرم ببت و رێک بو وەبەرهێنەرێ بیانی ژی دێ خوە ش بت و دێ قەستا هەرێما کوردستانێ کتێ بو بکارئینانا دراڤێ خوە و بڤێ یەکێ دێ گەورینێت باش پەیدا بن ژلایێ ئابوورییڤە. لەوا بدیتنا من ئەڤ رێکەفتنە ژ دوو لایانڤە گرنگە بۆ هەرێما کوردستانێ لایێ ئێکێ سەقامگیریا سیاسی دێ لناڤا هەرێمێ پەیدا بت و پتر ئەڤ هەردوو پارتە دێ دگەل ئێک هاریکارین ژ بو سەرکەفتنا پروسێسا سیاسی و خالا دوویێ دێ ئابووریّ هەرێما مە ژی بڤێ رێکەفتنێ پتر گەشەکت و هەمی ئاراستە بەرەف وێ چەندێ ڤە دچن کو ژین و ژیارا هەڤولاتیان ژی دێ باشتر بتن ژلایێ ئابوریڤە چونکی د وەختێ نوکەدا پەیوەندیێت هەرێما کوردستانێ ژی دگەل عێراقا فیدرال باشتر بوینە و سوزا هنارتنا بودجەی و موچەیێ فەرمانبەرێت هەرێمێ ژلایێ بەغدا هاتیە دان ,لەوا بارێ ئابووری یێ هەرێما کوردستانێ دێ باشتر بت و پتر دێ بەرەف گەشەکرن و وراریّ ڤەچت.

* ماموستایێ زانکویا پولیتەکنیک یا دهوک.

گوری کرین ..

ل دەمەکێ دا بیرهاتنا سەرهلدانێ دکەینەڤە کو مللەتێ مە بەردەڤ رزگاریيا ئێکجاری پێنگاڤا دهاڤێژیت و شەنگستێ ئەزمونا خۆ موکمتر دکەت و بناغێ دەولەتا کوردستانێ دانا ل سەرکەفتنا ریفراندومێ ب سەرکێشیا جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی ..

رۆژا (3/6/ 1975)ێ پیلانا خیانەتکاریا نێڤ دەولەتی ل دژی گەلێ مە ... دوژمن وداگیرکەرا ب خەیالا خوڤە یا خاڤ وەها هزر دکر کو ئێدی بۆ حەتا حەتا کورد و کوردستانی ژ ناڤچوون و سەرهلنادەنەڤە و شورەشەک ملللەتێت جیهانێ شانازیێ ب رێبەرێ خۆ بکەت ... بەلێ مستەفا بارزانی میدالیا سەرفیرازیێ یە ب سینگێ هەمی نیشتیمانپەروەر و وەلاتپارێز و کوردپەروەرەکێ کوردستانێ ڤەیە ...

ل (1970/3/11)ێ ئەو رۆژە کو سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و شورشا مەزنا ئیلونێ سەر ب دوژمنی شورکری و دان ب مافێ گەلێ کوردستانێ دانایی ب ئوتونومییێ راستەقینە بۆ کوردستانێ کو بۆ جارا ئێکێ بوو ل میژوویا گەلێ کورد دا دوژمن دانێ ب مافێ مللەتێ کورد بکەت و نەتەوێ کورد ب دووەم نەتەوە ل عیراقێ بهەژمێریت و بێگومان ماف دهێتە ستاندن و بخوینێ دهێتە وەرگرتن ، ژبەر ڤێ چەندێ دوژمن نەچار بوو لبەر دربێت گرانیێت پێشمەرگەهێت شورشا مەزنا ئیلونێ تەسلیم ببیت و رێکەفتنا دیروکی یا (11/ئادارێ ) موهر بکەت و بۆ دیکیومینتەکا مەزن ل سەر میژو مەحافلیّت دونیایێ و بۆ بەلگەیەکا فەرمی و بوو بناغەک بۆ ئەڤرۆ بۆ سوبەهیا دەولەتا کوردستانێ ...

بوو ... رۆژا شکاندنا قەید و زنجیرێت بن دەستیێ و زولم و ستەمێ بوو ... قەدەرا کوردا بوویە کو بارزانی بێتە سەر دونیایێ دا گەلێ کوردستانێ ل نەمانێ رزگار بکەت و بێژیتە دوژمن و داگیرکەران ئەم دەستبەردارى مافێن خوە نابین..

دەمێ پرسیارا گەلەک رێبەر و سەرکردێت دیروکی دکەن و دبێژنێ سەرکردە یان رێبەر ، هەر ئێکسەر و بێ راوەستان و هزر کرن بەرسڤێ دەدنەڤە و دبێژن : ئەڤ پەیڤە هەژی مستەفا بارزانی یە ... چەند سەربلندی یە کو مللەتێ کورد خودانێ رێبەرەکێ مەزنێ مینا مستەفا بارزانی یە و وەکی ژبەرکرێ تاوانەکا گەلەک وگەلەک مەزنە ... ئەڤەژی چوو سەر تاوانێت کریارێن بەدناڤێن ئەنفالا و جینوساید و ڤەبراندنێ ، وێران کرن ، گەلێ پرسیارەک سەرێ خۆ هەلددەت و دبێژیت : ئەرێ ئەگەر ب تنێ رووبدانێت هەیڤا ئاداریّ بکەینە تابلۆیەک تۆ ب بێژی چ تابلۆ ل وێ رەنگین تر هەبن ؟ رەنگە بەرسڤا تابلۆیێت دی یا سڤک بیت بەلێ یا ڤێ گەلەکا گرانە و کەس نەشێت ونکاریت رێکێ ل بەلاتینکێت ئازادیێ بگریت کو ڤەنەگەرێن بۆ هێلینا سەربەستییێ و کەس ژی نەشێت پەرێت کوترکا ئاشتییێ و سەربلندیێ ب قوسیێ و دبێژین حەتا دوژمنی دەراڤکێت جوکا گرتن پێشمەرگەھ و جەماوری سکر قولپاندن ...

جەژنا نەورۆزێ ... جەژنا نەتەوایەتیا گەلێ کوردستانێ یە ... رۆژا ئازادیێ و سەربەستیێ و رۆژا هەرفاندنا کوچک و تەلارێن زولم و زوریێ و بەلاڤکرنا بانگێ سەرفیرازیێ یە ..

بەلێ نەڤرۆز هێمایا سەرکەفتنێ یە ... هێمایێ راوەستانێ یە دژی زوردارییێ و بەرخودانە بۆ سەرفیرازیێ ... لەوا هەر سالّی گەلێ کوردستانێ گەلەک ب جوش و خروشڤە هەلکرنا ئاگرێ ڤێ بیرهاتنێ دکەنەڤە و بوویە جەژنا نەتەوا کورد ...

دوو بیرهاتنێن دلتەزین و وژدان هەژین ئەو ژی ل سێدارەنا قازیێ پێشەوا سەرۆکێ کومارا کوردستانێ ل مەیدانا چار چرا ل مهابادێ کو ئێکەم کومارا کوردستانێ یا جوانەمەرگ بوو و سەرۆکێ وێ ژی هاتە ل سێدارەدان ... بیرهاتنا دیتر کوچا ملیونیا گەلێ کوردستانێ بوو ل 1991/3/31ێ و رەتکرنا زولم و ستەم و داگیرکرنێ بوو و داخازا ژینەکا سەربەست و سەرفیرازیێ بوو و هەمبێزکرنا مرنا سەربلند بوو نەک ژینا بن دەست و شەرمەزاری ... ئەڤە دەنگێ ڤی مللەتی گەهشتە دونیایێ و سنوور بڕین و وژدانا مرۆڤایەتییێ هەژاند و دەنگ و سوزێت هەڤسوزیێ دەرکەڤتن بەرامبەر ب گەلێ مە ... لەوا دشێین بێژین قەدەرا کوردایە کو هەیڤا ئاداریّ هەیڤا کوردایە....

# گۆڕی شەهیدێکی ڕێبازی بارزانی دوای 62 ساڵ دەدۆزرێتەوە



سولفی مەجید

شەهید ئاڤدەل حاجی میکائیل وەک سەدان پێشمەرگە و قارەمانی ئەم نیشتمانە بەپرواى بەهێزەوە لە گەڵ مامەکانی بە ناوەکانی (مراد میکائیل و مەجید میکائیل) دەبن بە پێشمەرگە و یاوەری بارزانیی نەمر دەکەن لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دواتر شەڕی قارەمانانە دەکەن لە پێناو مانەوەی کۆماری کوردستان.

دواى شەڕى دەستەو یەخە و نەبوونى هێزى پێویستى کۆمارى کوردستان بارزانیى نەمر بریارى دا خۆیان ڕادەستى داگیر کەرانى کوردستان نەکەن بریارى پەرینەوەیان دا لە ئاوى ئاراس بۆ یەکێتى سۆڤیەتى جاران . لەگەڵ بەرێکەتنیان لە گوندى درێ بە هۆى بۆردومانى هێزە ئاسمانیەکانى عێراق و بەریتانیاى ئەوکات شەهید ئاڤدەل لەگەڵ مەجید میکائیلى مامى بریندار دەبن. لەگەڵ بریندارىوونیان لە کاروانى پێشمەرگە دانابڕێن و دەگەنە سۆڤیەت لە ساڵى 1957ز لە تاشکەندى سۆڤیەتى جاران بە هۆى کاریگەرى بریندەکانى جەستەیى و بوونى ساچمەیەکى زۆر لە لەشیدا پێشمەرگەى قارەمان ئاڤدەل حاجى میکائیل شەهید دەبێت و دەچێتە ریزى شەهیدانى کوردستان .

لەوێ (لە سۆڤیەت) بە خاکى دەسپێرن لە دواى شۆرشى عەبدولکەریم قاسم لە ساڵى 1958ز و گەڕانەوەى بارزانیى نەمر و هەڤاڵانى بۆ عێراق و خاکى کوردستان . خزم و کەس و کارى پێشمەرگە بە پەڕۆشەوە چاوەڕوانى گەڕانەوەى ڕۆڵەکانیان دەکەن .بەتایبەت هەردوو براى شەهید ئاڤدەل بە ناوەکانى (میکائیل حاجى میکائیل و عەلى حاجى میکائیل ) دەچنە پێشوازى بارزانیى نەمر و یاوەرانى . بەڵام تەنیا بە باوەشى مامەکانیان شاد دەبن و لەوێ مامەکانیان هەواڵى شەهیدبوونى ئاڤدەل یان پێ ڕادەگەیەنن.

دواى بەڕابونەوەى شۆرش لە ساڵى 1961ز بڕاکانى شەهید ئاڤدەل لەگەڵ هەزاران پێشمەرگەى تر چەکى شەڕەف دەکەنە شان و ڕوو لە شاخەکانى کوردستان دەکەن بۆ پاراستنى کوردستان کە تا ئەمڕۆش پێشمەرگەى ڕێبازى پیرۆزى بارزانیى نەمرن .

دواى شەهید بوونى شەهید ئاڤدەل کەس نەیزانى گۆڕ و شوێنى ناشتنى لە کوێیە .ئەمڕۆ دواى 62ساڵ گۆڕى شەهید ئاڤدەل دۆزراوەتەوە کە ئەم شەهیدانە لە میژووى گەلەکەماندا هەمیشە ناوەکانیان بە زیندویى دەمێنێتەوە کە لە پێناو خاکى کوردستان بەسەرى بەرز و بڕواى بە هێزى نیشتمانپەروەرى شەهید بوون. هەزاران هەزار سلاو لە گیانى پاکى شەهیدانى کوردستان سەروەریان بارزانیى نەمر و کاکە ئیدریسى هەمیشە لە یاد.





# پێویستە لایەنە سیاسییەکانى کوردستان لە ئاست پێشهاتە سیاسییەکاندا بن



سەگڤان هالو

ئەمڕۆ ناوچەکەمان و ناوچەى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست لە بەردەم وەرچەرخانێکى سیاسى گەورە دایە، ململانێیە نێودەوڵەتى و هەرێمییەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە دوخى سیاسى هەنوکەیى گوڕانى بەسەر دا دێت و ناوچەکە لەڕووى جوگرافى سیاسییەوە دادەڕێژرێتەوە، چونکە ئەوەى کە تاکو ئێستا هەبووە و هەیە بریتیە لەو نەخشە سیاسییە جوگرافیەى کە کۆلۆنیالیزمى ئینگلیز لە سایکس بیکۆیەوە هەتاکو ئەمڕۆ وەک چۆن بەرژەوەندى ئەو دەخوازێت داى ڕشتووە، دروست بوونى دەوڵەت نەتەوە لەم ناوچەیە بێجگە لە دیکتاتوریەت و توتالیتاریەت هیچى ترى بێجگە لە کولتورى تونددڕەوەى لێى بەرهەم نەهاتووە و نابێت ئەمەش لە بەرژەوەندى سیستەمى نوێى جیهانى دا نیە ونابێت.

شایانى باسە ئەگەر بێتو ڕژێمە دیکتاتوریەکان لە لایەک لە بەرژەوەندى کولۆنیالیزمى ئنگلیزدا بووبن ئەوا لە لایەکى دیکەشەوە لە بەرژەوەندى ڕووسیا و هەموو ئەو دەوڵەتانەى کە پێیان دەوترێت (میحوەر ئەل شەڕ) دان. چونکە هەردووکیان تەواوکەرى یەکدین لەڕووى کولتورى سیاسییەوە بوونە دوخى سیاسى ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست ئەوەى لێ دەخوێندرێتەوە کە وەرچەرخانێکى سیاسى بێتە کایەوە ئاراوە و دەڤەرەکە سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە. هەرچەندە ئەمە کارێکى ئاسان نییە و پرۆسەیێکى ئاڵوزە لە هەمان کاتدا بەڵام بووەتە زەڕورەتێکى حەتمى و دەبێ بکرێت.

لێردا پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمەى کورد واتە لایەنە سیاسییەکانى کوردستان ئامادە سازیان کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى هەر ئەگەرێکى نەخوازراو؟

لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر، چونکە ئەوەندەى لایەنە سیاسییەکانى کوردستان سەرقاڵى شتە لاوەکییەکانن چارێک ئەوەندە ناپڕژێنە سەر مەسەلە نەتەوەییە چارەنوسسازەکان کە پەیوەستن بە پەرەنسیبى ئاسایشى نیشتیمانیەوە.

سەرۆک بارزانى و پارتى دیموکراتى کوردستان زور هەوڵیان داوەو دەدەن کە کوردستانێکى بە هێز بونیات بنێن لەم قوناغەى ئێستادا بەڵام کاتێک لایەنى سیاسى سەرەکى تر ئیپرادەى سیاسى خوى دوراندبێت و نەتوانێت بریارى یەکلاکەرەوە بدات بو بەشدار بون لە پرۆسەى سیاسى وڵات دا. ئەمەش کاریگەرییکى نەرێنى دەبێت بەرامبەر بەرژەوەندییەکانى خەڵکى کوردستان. کەواتە لە کوتایى دا ماوە بڵێم پارتى دیموکراتى کوردستان چ چارەسەریەکى پێبیە بو کوتایى هێنان بەم مەسەلەیە لەگەڵ لایەنى بەرامبەر ئایا دەچێتە ژێر باری داواکاریە نامەعقولەکانیان یانیش ڕێگاى تر دەگرێتە بەر و هاوپەیمانى لە گەڵ لایەنەکانى دى دەکات بو پێکهێنانى حکومەت؟

وەلامى ئەم پرسیارانە بە جێ دەهێڵین بو داهاتوو هیوادارم حزبە سیاسییەکان لە ئاست ئەم ڕەوشە سیاسیە هەنوکەییەدا بن و بیر لە یەکڕیزى و تەبایى مالى کوردى بکەنەوە و هەمویان پێکەوە بەڕەو کوردستانێکى بە هێز هەنگاو بهاوێژن.

# بەرژەوەندییە باڵاکانى خەڵکى کوردستان لە پۆست و کورسى گرنگتر



ڕێبوار حەمەلاو شوانى

ئەوا نزیکەى شەش مانگ بە سەر هەڵبژاردنەکانى پەرلەمانى کوردستان تێپەڕدەبێت و بە هۆى نەبوونى بریار لە نێو هەندێک حزب ولایەن و پۆست و کورسى خەریکە بەژوەندییە باڵاکانى خەڵکى کوردستان پشتگوێ بخرێت ، خۆ ئەگەر حیکمەتى پارتى نەبووایە ، تا ئێستاش پەرلەمان دەستبەکار نەدەبوو.

پارتى دیموکراتى کوردستان لە ماوەى چەند مانگى ڕابردوودا لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆبۆتەوە و گفتوگۆى لەسەر کابینەى نوێەمى حکومەتى کوردووە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستەییەش بزانین کە شەڕاکەت ڕاستەقینە بە زۆرى نییە، هەندێک حزب و لایەن هەن داوا دەکەن پارتى لەگەڵیان کۆبێتەوە و گفتوگۆ لەسەر حکوومەت بکەن، بۆ ئەوەى بەشدار بن لە حکوومەت، بەڵام ئەو لایەنەى کە براوەى هەڵبژاردنە ئەو بڕیار دەدات کە کێ لەگەڵ بەشدار بێت و کێ بەشدار نەبێت لە حکوومەتدا، لە هەموو دنیاش هەروا بووە چەند حزبێک هەن، تەنیا سێ بۆ چوار حزب ڕێک دەکەون و حکوومەت پێک دێنن، ئەگەر پارتى نەیەوێت لەگەڵ هەندێک لایەن قسە بکات و کۆنەبێتەوە، هیچ شەرم نییە، ئەگەر هەندێک لایەنیش نەیانەوێت بەشدار بن لە حکوومەت ئەوەش شەرم نیە، ئەوە دیموکراسییەتە کێ لەگەڵ بەرنامەکەى من بێت حکوومەت لەگەڵ ئەو لایەنانە پێک دەهێنم، نەک هەندێک لایەن کە دژى بەرنامەکەى من بوەستنەوە.

ئەو لایەنانەى نایانەوێت لەگەڵ پارتى ڕێک بکەون تەنیا بۆ ئەوەیە کە پۆستێک وەبگرن، زیاتر لە6 مانگە هەڵبژاردن کراوە و تا ئێستا حکوومەت پێک نەهاتووە، ئێستاش نایانەوێت بەشدار بن لە حکوومەت، بەس بۆ ئەوەیە کە پۆستێک لە بەغدا، یان لە کەرکووک وەربگرن، پارتى دەزانێت عەقلیەتى هەندێک حزب و لایەن چۆنە، هەر لەبەر ئەوە پارتى لەسەر کورسییەک و دوو کورسى پێکهێنانى حکوومەت دواناخات، ئەوەش بۆ ئەوەیە بەس خەڵکى کوردستان توشى نەهامەتیەکى دیکە نەبێت، چونکە خەڵکى کوردستان زۆر نەخۆشى بینیوە و ماندووبووە لەو نەخۆشیانە، کێشەکە لێرەدایە، بۆیە دەبێت لایەنگر و دەنگدەرانى پارتیش ئەوە بزانن، ئەوە لاوازى پارتى نیە، کێشە ئەوەیە ئەگەر پارتى قوربانى نەدات چى دەبێت، ئەگەرنا زۆرجار گوێمان لێ بووە باس لەوە دەکرێت با پارتى چاوەڕوانى حزبەکانى دیکە نەکات و هەرچى زووە حکوومەت پێک بهێنێت، پەیامى پارتى ڕوون و ئاشکرایە، دەیەوێت حکوومەتێکى بەهێز درووست بکات، بەڵام ئەوە تەنیا بە پارتى ناکرێت، پارتى نەفەسى درێژە و زۆر هەنگاو چووەتە پێشەوە، بۆ ئەوەى هەموو حزبەکانى دیکە هاوکار بن، بۆ ئەوەى وێنەیەکى ناشرین پیشانى دەرەوە نەدەین، کە پشتى لایەنێک بگرن، بۆ ئەوەى ڕێگرى لە پێشکەوتنى هەرێمى کوردستان بگرن، هەرێمێکى بەهێز بەو مانایە نیە کە هێزێکى بەهێز هەبێت، بەڵکو یەکگرتوو بین، ئەگەر لەناو خۆماندا ڕاى جیاوازمان هەبێت کێشە نییە، بەڵام بەرامبەر بە دەرەوە دەبێت یەک بین و بەهێز بین، ئەوەش چۆن دەکرێت، لەگەڵ ئەوەش دەبێت لایەنەکان چاویان لە خەڵک بێت، هەنگاوى باش نراوە بۆ چاکسازى، بۆ باشترکردنى ژیانى خەڵک، بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان هاوکارى یەکدى بن، چونکە پێش ئێستا عەقلییەتێک هەبوو ، ئەگەر پرۆژەیەکى باش پێشکەش کرابایە، چونکە من ئۆپۆزسیۆنم دژى دەوەستمەوە، پێویستە خۆمان لەسەر بیرۆکەى باش بکەینە یەک و ململانێ لەسەر پرۆژەى باش بکەین، چونکە ئەوە وا دەکات کە خەڵکى کوردستان لە هەموو لایەنەکان ڕازى بن و ڕۆژ بۆ ڕۆژ ژیان و گوزەرانیان خۆش بێت. بۆیە، ئەوەى لە ئێستادا گرنگە ئەوەیە کە حزبى یەکەم و ئەو لایەنەى کە بەشدارن لە پرۆسەى حکومرانى مەبەستم لە بەرەى ئۆپۆزسیۆن نین، ئەوا پەلە بکەن لە پێکهێنانى کابینەى نوێەمى حکوومەتى کوردستان و چیتر بەرژەوەندییە باڵاکانى خەڵکى کوردستان و جێبەجێى کردنى پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دوا بخەن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٣٨٢٤٨) بەروار ٢٠١٨/١٠/٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی فریاد احمد توفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی دارەتوو ژمارەی پسوولە (٠٧٥٩٨٠٤) بەروار ٢٠١٨/١٢/٦ بەبری ٦,٧٦٠,٠٠٠ بەناوی رشوان ابراهیم محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

کارتی نیشتمانی بەناوی شیرزاد مامند حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٣/١٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (شارۆ عثمان محمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (گ/ هەولێری نوێ) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم

مریوان قەرنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری فلێکس چاپ کردن ژمارە/٠١٢٧٠١٥ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١

٢- کەتەری برینی لەزگە بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M١

٣- مۆلیدەی کارەبایی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای A.M١٨

* * *

ئاگاداری

گۆڤاری (SO) کە خاوەن ئیمتیازی (سۆران عثمان حسن) سەرنووسەرەکە (سۆران عثمان حسن) بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی بەشێوەی (مانگانە) دەردەچێت هەرکەسێك یان لایەنێك تێبینی هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکات

٠٧٥١١٢٠٢٤٣٢ – ٠٥٧٠٤٣٩٠٢٣٤

* * *

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٩٦/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤

جاردان

بۆ داوالێکراو (شۆرش یدالله عبدالله) ئاماژە بەداوای ژمارە ٩٦/ش/٢٠١٩ کە تایبەتە بە داواکار (زهراء احمد باقی) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٣ بڕیاریدا بە (تفریق) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (زهراء احمد باقی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری بڕیار درا بەپێ ڕاگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایەت هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژ لە پێ ڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

داوەر/ مسعود سعید صدیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١

جاردانی داوکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/١١ پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی خانووبەرەی زنجیرە (٥٧٤) گەرەك (عرب) بەناوی میراتگرانی (مصطفی محمد اسماعیل) کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەنداریەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

بەڕێوەبەر/ هێور محمد احمد

* * *

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٨٢

ڕێکەوت: ٢٥ / ٣ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤١)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (فروانکردنی نەخۆشخانەی پسپۆری نەشتەرگەری فێرکاری/ سەنتەری دڵ لە هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٠ / ٤ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا لەپلە (٤) کەمتر نە بێت .

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٤٥,٠٠٠,٠٠٠ چل و پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٣٢٧/ ب٤/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (احمد فرید عبدالحمید) داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ڕەسەن) داوای ژمارە ٣٢٧/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (٥٤٢,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ٩٤) لە ٢٠١٩/٣/٢٤ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٤٩٢/ ب٤/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ سەرەڕای کارەکەی) داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە ٤٩٢/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (٣٦٤٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ایطالی ١) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

---

**ئاگاداری**

**ئاگاداری گشت لایەك دەکەنەوە کۆمپانیای (MULTIELECTRONIC SOLUTION) بۆ (تەکنەلۆژیای زانیاری /سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).**

**پاکتاوکار/احمد جلال احمد**

**ناونیشان: هەولێر ژووری پارێزەران**

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٥٦١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٢/٢٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای(سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (MULTIELECTRONIC SOLUTION) بۆتەکنەلۆژیای زانیاری/سنوردار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٨ تایبەت بەدانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد جلال احمد) بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسند کرد بەمەرجێك بڵاو بکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموار کراو، ئەم بڕیارە.

---

**ئاگاداری**

**ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (GERMANY JIYAN MEDICAL) بۆ پێشکەشکردنی گشت جۆرە خزمەتگوزاریەکانی تیشکی پزیشکی پێشکەوتوو و دەستنیشان کردنی و ڕاوێژکردنی نەخۆش و چارەسەری فیزیاوی و فرۆشتنی دەرمان و پێداویستیەکانی پزیشکی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)**

**پاکتاوکار/ محمد میکائیل حمد**

**ناونیشان/ ژووری پارێزەران**

**ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٨٧١٩١٩**

---

**ئاگاداری**

**ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (دێکان) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)**

**پاکتاوکار/ کاروان عبدالجبار محمد**

**ناونیشان/ هەولێر- شۆرش**

**ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥١٣١١٢**

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٠٣٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GERMANY JIYAN MEDICAL) بۆ پێشکەشکردنی گشت جۆرە خزمەتگوزاریەکانی تیشکی پزیشکی پێشکەوتوو و دەستنیشان کردنی و ڕاوێژکردنی نەخۆش و چارەسەری فیزیاوی و فرۆشتنی دەرمان و پێداویستیەکانی پزیشکی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد میکائیل حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٠٠٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دێکان) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (کاروان عبدالجبار محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٤٩٥/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ سەرەرای کارەکەی)
داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە ٤٩٥/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (١٤٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ایطالی ١) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٤٩٣/ ب٥/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ سەرەرای کارەکەی)
داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە ٤٩٣/ ب٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (١٤٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ایطالی ١) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٤) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٤٩٤/ ب٥/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هولدنغ سەرەرای کارەکەی)
داواکار (نایف عبدالکریم محمد شریف) داوای ژمارە ٤٩٤/ ب٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری پارەی (١٤٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ایطالی) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٤) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

بەرێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات
بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٤٤٩ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەرێکەوتی: ٢٠١٧/٣/٢ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەلاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی س. شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی خەبات

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٧٣٣/ش٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (خالد نجم الدین محی الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٧٣٣/ ش٢٠١٨/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٣ بڕیاریدا لەسەر (نفقە) لەنێوان تۆ و داواکار (هیفاء وهاب علی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ ئازادی بڕیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین کریم

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (کریم حسین برایم) کوری (حسین برایم حیدر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:- لە (حسین ابراهیم حیدر) بۆ (حسین برایم حیدر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧) کەرتی ٤٢/دیمکار, کە لەسااڵنی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێک بۆ هەڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی
ژمارە : ٩٠١/١٢٨
رێکەوت : ٢٠١٩/٣/١٨
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە (( ٤٠ )) لە بلۆکی (( ١ )) لە گەرەکی برایەتی دەکەین کە لە رۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تاکوو ماوەی (( ٣٠ سی رۆژ )) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانیمان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .
تێبینی: تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
ئەندازیار / أمیر فاخر جادر
سەرۆکی شارەوانی سۆران

* * *

دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١٣ / ش / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ دلیر عبدالجبار کریم شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (شیلان عباس کریم) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (١٣ / ش / ٢٠١٩) تێدا داوای (حضانە) دایەنی کردنی منداڵەکەم لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی نەورۆز بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٦ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٨/٢١٣٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری
بۆ قەرزار (براء احمد زێدان) شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ راگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردن (الحجز التنفیذی) لەسەر (کەلوپەلی دووکان) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بۆ دانەوەی بری پارەی (١٥٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (ناصر عبدالله طه) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (کەلوپەلی دووکان)ی ئامازە پێکراو بەپێی یاسا.
جێبەجێکاری داد
ئاری فیصل دەباغ

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری گلدانەوە
ژمارە: ٩٨٧/٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار (مریوان قرەنی ابراهیم دادنووسی یەکەم لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/١ سەرەرای فەرمانبەرایەتیە) بەمەبەستی هۆشداریکردنتان بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە پارەی وەکو ئامانات لە فەرمانگەکەمان بۆتان دانراوە چونکە (٣) سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە وە ئەگەر لەماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم هۆشداریە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی نەهاتن بۆ وەرگرتنەوەی ئەوا پارەکەتان دەبێت بەداهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە.
شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

هۆشداریتان ئاراستە کراوە لەلایەن (مریوان قرەنی ابراهیم دادنووسی یەکەم لە فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/١ سەرەرای فەرمانبەرایەتی)
بەمەبەستی هۆشداریکردنتان بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە پارەی وەکو ئامانات لە فەرمانگەکەمان بۆتان دانراوە چونکە (٣) سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە وە ئەگەر لەماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم هۆشداریە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی نەهاتن بۆ وەرگرتنەوەی ئەوا پارەکەتان دەبێت بەداهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە.
شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

**دعوة عطاءات**

**لحجز تذاكر طيران وسفر**
**لصالح نشاطات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق - بغداد**

**1- المتطلبات:**

| تفاصيل المادة | رقم العطاء | يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي: |
|---|---|---|
| يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصوليا لتقديم عطاءها لخدمة حجز تذاكر طيران وسفر لصالح نشاطات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق - بغداد | HCR/IRQ/BGD/2018/SUP/RFP/098 | https://www.ungm.org/Public/Notice/85641<br>كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG<br>والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2018/SUP/RFP/098 |

**2- توقيتات مهمة:**

| الإجراءات | التاريخ والوقت – بتوقيت العراق |
|---|---|
| اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء | 2019/04/02 الساعة 23:59 مساءاً بتوقيت بغداد - العراق |
| اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء | 2019/04/18 الساعة 23:59 مساءاً بتوقيت بغداد - العراق |

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

**REQUEST FOR PROPOSAL (RFP) FOR**
**ESTABLISHMENT OF A FRAME AGREEMENT FOR THE PROVISION OF AIR TICKETING AND TRAVEL RELATED SERVICES FOR UNHCR IRAQ**

**1. Requirement:**

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR), Iraq, invites qualified suppliers to make a firm proposal for the establishment of Frame Agreement(s) for the provision of Air Ticketing and Travel Related Services for UNHCR Iraq.

| Tender Reference Number | Tender Item Description | Tender Documents Available at the UNGM Link below |
|---|---|---|
| HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/098 | ESTABLISHMENT OF A FRAME AGREEMENT FOR THE PROVISION OF AIR TICKETING AND TRAVEL RELATED SERVICES FOR UNHCR IRAQ. | https://www.ungm.org/Public/Notice/85641<br>The RFP Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert RFP HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/098 in the subject heading. |

**1. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:**

| DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq) | ACTION REQUIRED |
|---|---|
| 21 March 2019 | Issuance of the Tender Notice |
| 02 April 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq | Closing date for clarifications |
| 18 April 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq | Deadline to submit your complete proposal for this RFP |

**Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM**

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٣٢٥٠/ب/٢٠١٨/٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سیامند محمد جمیل)
ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە (٣٢٥٠/ب/٢٠١٨/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (دیار طاهر یحیی) ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠١٩/٣/١٨ بەپاشملە بریاریدا بەپابەندکردنت بەنەدانی (بدلات ایجار) بری (١١,٤٣٠) دۆلار وە (١٠٢٠) کرێی خزمەت گوزاری لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گوندی ایطالی) لە ٢٠١٨/١١/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
* * *
سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (صابح نوری اسماعیل) بریکاری هاوولاتی (عماد یوسف نجف) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:-
لە (نجف علی شمس الدین) بۆ (نجف علی شمسە) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢١، ٢٤، ٤٠، ٧٤، ٧٩، ٦٩، ٨٨، ٩٠، ١٠٣، ١٠٤، ١٢٠، ١٣٧) کەرتی ٥٠/مطراد صالو، کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٠) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست
بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٢٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (عبدالعزیز محمد عبدالقادر) بریکاری هاوولاتی (مسلم و فاطمە و لیلی و بفرین و رازیە و قانعە مندالانی عثمان حاجی ملا) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:-
لە (حاجی بن ملا بابوك الشهیر ب (ملا زاده بن ملا احمد) بۆ (حاجی ملا ملابابو) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٠١، ١٠٢) کەرتی ٨٢/قیرژە الشرقیە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبلاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٥٢/ش/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مهند احمد علی) دانیشتووی هەولێر گەرەکی هەولێری نوێ ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئاماژە بەداوای ژمارە (٥٢/ش/٢٠١٩/١) کە تایبەتە بە داواکار (روز محمد عودة) وە داوالێکراو (مهند احمد علی) کە جۆری داواکە بریتی یە لە (تصدیق الطلاق الخلعی) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی هەولێری نوێ دادگا بریاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٣ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم
دیار محمد علی
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٥٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (فراس صباح حسین)
ژبەر نەزانین ونەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لێڤەبەریا مە ژبۆ ئەنجامدانا ریکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیه) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی ییّن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
هاریڤان ایوب عبدالله/ (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٠٩/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا ئەڤ ئامیرین جیکرنا وسەخبیرکرنا ریکا ئەوین خاری دیارکری دگەل بهایێ هاتیە دانان بو هەر ئێکێ ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سی) رۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەمینا تێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان وبو زانین رەسمێ لێ سەندنێ وەدلالیێ لسەر بکری نە
١-ناڤی ئامیری حادلە دینباك جوری تایرا ئاسن رەنك زەر + رەش مودیل ٢٠١٢ ژمارا شاصی ١٠٠٠٠٣٢٠K٠A٠١٠٢١٨ بهای هاتیە دانان ب دیناری ٢٧,٠٠٠,٠٠٠
٢- ناڤی ئامیری حادلە دینباك جوری تایرا ئاسن رەنك زەر + رەش مودیل ٢٠١٢ ژمارا شاصی ١٠٠٠٠٣٢٠K٠A٠١٠٠٠١ بهای هاتیە دانان ب دیناری ٢٧,٠٠٠,٠٠٠
٣- ناڤی ئامیری فارشە اسفلت دینباك جوری تایرا زنجیر ئاسن رەنك زەر + نفطی + سور مودیل ٢٠١٢ ژمارا شاصی ١٠٠٠٢١١C٠G٠٠٠٨٤٤ بهای هاتیە دانان ب دیناری ٥١,٦٠٠,٠٠٠
٤- ناڤی ئامیری شفل حفارە جوری بجوك CACE جوری تایرا تایر رەنك زەر + نفطی مودیل ٢٠١١ ژمارا شاصی FNH٠٥٨٠TNBHH٠٣٠٦٥ بهای هاتیە دانان ب دیناری ١٤,٤٠٠,٠٠٠
٥- ناڤی ئامیری حادلە عادی (امان) جوری تایرا سینك ئاسن وبشت لاستیك رەنك زەر + کەسك مودیل ٢٠١١ ژمارا شاصی ASC١٥٠٣٠٤٩ بهای هاتیە دانان ب دیناری ٢٧,٠٠٠,٠٠٠
کوژمی گشتی (سەد سیە ونەه مەلیون ودوو سەد هزار دینار) ١٣٩,٢٠٠,٠٠٠
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی بەردەرەش
ژمارەی دۆسیە/ ٦/ت.د/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگاداری
بۆ قەرزدار / صباح عبید خندان
لەبەر نەزانین ونادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بە پێی مادەی (٢٧) لە یاسای جێ بەجێکردن بریاردرا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین کەوا مولکی تۆ ژمار (١٣/١) کەرتی (٨٢/روفیا) فرۆشرا لە جیاتی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) بۆیە دەبێت لە ماوەی (١٠) دەە رۆژ لە رۆژی دوای رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتییە ئامادەبیت بۆ دانەوەی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) کە بری (٩٥٨٤٧٥٠) نۆ ملیۆن وپێنج سەد وهەشتاو چوار هەزار وحەفت سەد وپەنجا دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسای جێ بەجێکردن مادەی (٩٧/سێ یەم) مولکە کە تومار دەکرێت بە ناوی کریار
جێ بەجێکاری داد
عنتر فرهاد محمد
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٤/ب/٢٠١٩
رێکەوتی: ٢٠١٩/٣/٤
ئاگاداری
داواکار: ئاوات علی کریم
داوالەسەرکراو: اریڤان علی کریم
بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (اریڤان)
داواکار (ئاوات) داوای ژمارە (٣٤/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داوا دەکات بە نەهێشتنی هاوبەشی لەمولکی ژمارە ١/٦٧٦ ك گویژە وە بەش بەش کردنی گەر شیاوی بەشکردن بێت و گەر شیاوی بەشکردن نەبێت بفرۆشرێت و دابەشکردنی بەهای مولکەکە بەسەر هەموو هاو بەشەکاندا.
وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی واژۆو مۆری موختاری گەرەکی (رۆژهەلات) بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەرێگەی بریکارێکی یاسایی لەدادگا لەرۆژی دادبینی کەدەکاتە رۆژی (٢٠١٩/٤/١٠ کاتژمێر (٩:٥) سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بریار دەردەکات بەرامبەرت.
دادوەر/ د. ماجد رشاد محمد
* * *
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی کۆیە
ژمارە/ ٢٠/ت/٢٠١٩
بەروار/٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگاداری
بۆ/ خدیجه بکر قادر/ کۆیە-
بەفریقەندی، ئێستا شوێنی دانیشتنی نادیارە.
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوە (١٥) رۆژ لەدوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتییە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ریکارەکانی جێ بەجێ کردنی وەرگتنی ماریەی پاشەکیەکەی(خدیجه بکر قادر) کەبڕی (١٠٤،٠٤٠،٠٠٠) سەدو چوار ملیۆن وچل هەزار دیناره. ئەگەرنا بەپێ ی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێ بەجێ کاری داد
کاکەمد نجم الدین علی
فۆرمی ژمارەو نرخی خەملێنرای ئامێرەکانی کارگەی بیرەبات بۆ دروست کردنی(محویلەی کارەبا) ترانسفۆرمەر
ز ناوی ئامێرەکان ا ژمارەیان ا توانای بەرهەمی ئامێر ا شوێنی دروست کردنیان ا دیناری عێراقی
١- ئامێری لحیم کردن ا ١ ا ٢٥.A ا تورکی بەکار هاتوو ا ٣٠٠٠٠٠
٢- ئامێری فرن ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٦,٦٠٠,٠٠٠
٣- ئامێری تەصفیە کردنی ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٣,٦٠٠,٠٠٠
٤- ئامێری رافعە ا ١ ا ٤ گن ا یابانی بەکار هاتوو ا ٥,٤٠٠,٠٠٠
٥- ئامێری کۆمپریسەری هەوا ا ١ ا ٣.K.W ا کۆری بەکار هاتوو ا ٢١٠,٠٠٠
٦- ئامێری پشکنین و تاقی کردنەوەی محاویلە ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٦٦٠٠٠٠
٧- ئامێری لەف کردنی محاویلە ا ٣ ا ٢٠.A ا ئەلمانی بەکار هاتوو ا ٩,٩٠٠,٠٠٠
٨- ئامێری پشکنینی محاویلە ا ٢ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٩,٦٠٠,٠٠٠
٩- ئامێری درێلی عمودی ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٦,٠٠٠,٠٠٠
١٠- ئامێری کەتەری کارەبایی ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ١,٠٢٠,٠٠٠
١١- ئامێری مەقەسی بڕین ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٣,٠٠٠,٠٠٠
١٢- ئامێری مەقەسی قەلبی حدید ا ٣ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ١٠,٨٠٠,٠٠٠
١٣- ئامێری سڵندر جۆری ostash ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٣,٩٠٠,٠٠٠
١٤- ئامێری فحص کردنی محویلەی جۆری Say port ا ١ ا ٢.K.W ا تورکی بەکار هاتوو ا ٣,٠٠٠,٠٠٠ = ٩٠,٩٩٠,٠٠٠ کۆی گشتی: ($٧٥٨٢٥)


شركة أور الدولية للتأمين
UR International Insurance Company

شركة أور الدولية للتأمين (ش. م. خ)

حضرات السادة مساهمي شركة أور الدولية للتأمين المحترمين

م/ إعلان إجتماع الهيئة العامة .

استنادا الى احكام المواد (86) و (87) و(88) من قانون الشركات الرقم 21 لسنة 1997 وتعديلاته وتنفيذا لقرار مجلس الادارة بجلسته (1) المنعقدة بتاريخ 2019/02/27.

يسرنا دعوتكم لحضور الاجتماع السنوي للهيئة العامة الذي سينعقد في مركز ادارة الشركة الكائن في شارع محطة ، حي زانياري في تمام الساعة الثانية والنصف من بعد ظهر يوم الثلاثاء الموافق 2019/04/17 للنظر في جدول الاعمال الاتي :

1. مناقشة تقرير ادارة الشركة لعام 2018 والمصادقة عليه .
2. مناقشة تقرير مراقب الحسابات والمصادقة على الحسابات الختامية للشركة لعام 2018 .
3. تعيين مراقب لحسابات الشركة لعام 2019 و تحديد اجوره وفقا للتعليمات والمصادقة عليه .
4. إبراء ذمة رئيس وأعضاء مجلس إدارة الشركة و المدير المفوض لعام 2018 .

راجين حضوركم شخصيا في الزمان والمكان المعينين اعلاه او من ينوب عنكم من المساهمين بموجب صكوك الانابة التي يمكن الحصول عليها من ادارة الشركة. او الغير بموجب وكالة مصدقة من كاتب العدل مع ابراز شهادة الاسهم الاصلية بموجب المادة (91) و المادة (94) من قانون الشركات على ان تودع الانابات والوكالات لدى الشركة قبل ثلاثة ايام على الاقل من موعد الاجتماع.

مع جزيل الشكر و التقدير.....

عزالدين بحمد عبدالله
رئيس مجلس الادارة

Regulated by Iraqi Insurance Diwan, Ministry of Finance Baghdad-Iraq
Opposite Shanadar Park, Mehata Street, Zaniary Quarter Erbil - Kurdistan Region- Iraq. Tel: +964 750 890 9007, +964 750 890 9008
P.O. Box 011762-Arbil-Iraq Email: info@urlic.net Website: www.urlic.net

## ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سیدار) بۆ پاسەوانی تایبەت/ سنوردار) بریاری گۆڕینی (ناو تایبەتمەندی- جۆر)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (سیدار) بۆ کۆمپانیای (کەیوەن)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکات لە (شاری هەولێر- شەقامی ٣٠ی مەتری- بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان.

ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



# سوپای یونارمیای رووسی

# سۆزێک بۆ دوێنێی سۆڤیەت یان بە سەربازکردنی کۆمەڵگا

ئا: هەندرین شێرزاد

کاتێک لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سۆڤیەت رووخا و هەموو کۆمارەکان سەربەخۆییان راگەیاند، زۆر لە شارەزا و چاودێران وایان لێکدایەوە کە ئیتر جەمسەری زلهێزی دووەم هەڵوشایەوە و ئیتر لە جیهاندا یەک جەمسەر هەیە ئەویش ئەمەریکایە ، ئەوان لەو باوەڕەدا نەبوون یەکێک لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو خۆی بگرێتەوە و جارێکی دیکە خۆی بونیاد بنێتەوە و ببێتەوە بە میراتگری سۆڤیەت . ئێستا دوای تێپەڕبوونی 28 ساڵ ، جارێکی دیکە رووسیا هاتۆتەوە مەیدان و وەک جەمسەری دووەم و رکابەری سەرەکی ئەمەریکا هەڵسوکەوت دەکات و بەردەوامیشە لە پەردەدان بە توانا سەربازیەکانی .



## قوتابخانە سەربازیەکان

لە سەرەتای سەدەی هەژدەمەوە قوتابخانە و پەیمانگا سەربازیە فێرکاریە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان لە رووسیا بوونیان هەبووە ، دواتر لە ماوەی رووخانی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی رووسیا چالاکی ئەم جۆرە دامودەزگایانە رووی لە کزی کرد ، بەڵام ئەمڕۆ جارێکی دیکە ئەو پەیمانگایانە هاتوونەتەوە گۆڕەپان ، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری لاوانی رووس رووی تێدەکەن . بە گوێرەی لێکدانەوەکانیش گەڕانەوەی هەستی نەتەوەخوازیی و هەوڵدانی کرێملین بۆ گێڕانەوەی هەیبەتی رووسیا لەدوای گەشەکردنەوەی ئەو پەیمانگا سەربازیانەوەن.

## بە سەربازکردنی کۆمەڵگا

ژمارەیەکی کەمی شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن لە نێو کۆمەڵگای رووسیا پێیان وایە گێڕانەوەی چالاکی و جموجۆڵ بۆ دامودەزگا فێرکاریە سەربازیەکان ،بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە منداڵان و لاوان و لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن ، هەنگاوێکە بەرەو بەسەربازکردنی کۆمەڵگا .

## بۆچوونێکی دیکەی جیاواز

لە بەرامبەر ئەم لێکدانەوەیەدا، زۆرینەی رووسەکان وای بۆ دەچن کە گەڕانەوەی سەردەمی ئەم قوتابخانە و دەزگا و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانە تەنیا هەوڵێکە بۆ پابەندبوون بەو دابونەریتانەی کە لە سەردەمی قەیسەرەکانەوە ماونەتەوە. ئەوان دەشڵێن ئەمە ئەلتەرناتیفێکی زۆر گونجاوە و هەنگاوێکە بۆ ئەوەی نەوێ بەیێ گرنگی پێدان بەجێ نەهێڵرێ . ئەو چالاکیانەش کە لاوان لە سەرەتای تەمەندا ئەنجامی دەدەن تەنیا پەیوەست نین بە پەروەردەی سەربازی بەڵکو پرۆگرامێکی بەرفراوانە و پەروەردە و فێرکردن و خوڕەوشت و چاندنی هەستی خۆشەویستی نیشتمانە لە ناخی ئەوان.

## راپرسیەک

بە گوێرەی راپرسیەک کە لەلایەن سەنتەری لیڤاداوە ئەنجام دراوە :

89%ی هاوڵاتیانی رووسیا وای دەبینن کە پێویستە قوتابخانەکان رۆڵی سەرەکی ببینن لە لە پەروەردەکردن و پتەوکردنی هەستی نەتەوەخوازیی لەلایەن هەرزەکار و لاوان .

85%یش پەروەردەی ئەخلاقی بە پێویستی و گرنگ دەزانن .

78%ی رووسەکان دەڵێن : دەبێ هەرزەکار و لاوانمان بێبەش نەکرێن لە پەروەردەی سەربازیی .

## میژووی کادیت

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەم قوتابخانەی سەربازیی (کادیت) لە رووسیا لە ساڵی 1721 لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆر ئانا ئیڤانۆڤنا دامەزراوە .

بە فەرمانی قەیسەر پوترسی یەکەم ژمارەیەک قوتابخانەی سەربازی دامەزرێنراون و تایبەت بوون بە راهێنانی منداڵانی سەربازان (لە تەمەنی 7 ساڵیەوە ) لەسەر یاسا و بنەماکانی زانستی تۆپهاوێژیی و بەشێک لە بنەماکانی ئەندازیاری سەربازیی . دوای گەیشتنیان بە تەمەنی 15 ساڵی ، دەبن بە ئەندام لە سوپا بۆ ئەوەی درێژە بە خزمەتی سەربازیی بدەن .

تا رۆژی ئەمڕۆمان هەندێک لەو قوتابخانانە ماون ، لەوانە قوتابخانەی ئۆمسکی سەربازی کە لە ساڵی 1813 دامەزراوە و ئەمڕۆ سەر بە وەزارەتی بەرگری رووسیایە .

لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالینیش ئەم جۆرە دەزگایانە بوونیان هەبوو ، بەڵکو ژمارەیەک دامەزراوەی هاوشێوەی دیکەش لەدایک بوون .

## یونارمیا (سوپای لاوان)

یونارمیا یان سوپای لاوان یەکێکە لە گەورەترین ئەو دامودەزگایانە و لە سەرەتای هاوینی ساڵی 2016 دامەزراوە و لە یەکی سێپتەمبەری هەمان ساڵدا و بە چاودێری و بەشداریی راستەوخۆی وەزارەتی بەرگری رووسیا یەکەم چالاکی ئەنجام دا. بریتیە لە هێزێکی نیمچە سەربازیی و سەدان هەزار منداڵی بێ دایک و باوک دەگرێتە خۆی ، زۆر جار بە سوپای لاوانی پوتنیش ناو دەبرێ.

ئەم هێزە بە 85 ناوچەی جیاجیای رووسیادا بڵاو کراونەتەوە. بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم هێزە تەمەنیان لە نێوان 8 تا 18 ساڵ دایە.

ئەندامانی سوپای یونارمیا لەسەر بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆماتیکی و خۆهەڵدان بە پەرەشوت و بەشداربوون لە مانۆرە دەرباییەکان رادەهێنرێن.

## سوپای رووسیا، بە ژمارە

لە دوای سوپای ئەمەریکا ، دووەم بەهێزترین سوپایە لەسەر ئاستی جیهان .

ژمارەی ئەندامانی 3.5 ملیۆن کەسە و 2.5 ملیۆن سەربازی یەدەگن.

خاوەنی 3914 فڕۆکەی شەڕکەری جۆراوجۆرە .

خاوەنی 20300 تانک و 27400 زرێپۆش و 10436 تۆپی هەمەجۆر و زیاتر لە 3800راجیمەیە.

خاوەنی 352 پارچەی دەریایی هەمەچەشنە.


خاوەنی 7 هەزار بۆمبی ئەتۆمیە.

خاوەنی سیستمێکی بەرگری ئاسمانی زۆر پێشکەوتووە کە چەند جۆرە موشەکێکی پێشکەوتوو دەگرێتە خۆی.

## پێناسەی وڵاتان

# فیجی

ناوی فەرمی : کۆماری دوورگەکانی فیجی
کیشوەر : ئۆقیانا (ئوسترالیا و دوورگەکانی دەوروبەری)
پێگەی جوگرافی: بریتیە لە چەند دوورگەیەک لە باشووری رۆژئاوای ئۆقیانووسی هێمن
سیستم : کۆماری
پایتەخت : سوڤا
ڕووبەر : 18.270 کیلۆمەتر دووجا
ژمارەی دانیشتوان : 856.346 کەس .
ئاین : 52% کرستیان ، 38% هیندۆ ، 8% موسوڵمان ، 2% ئاینی تر.
دراو : دۆلاری فیجی
زمان : فیجی ، هیندستانی ، ئەمهەری ، ئینگلیزی
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 1970/ 10/13




# مانشێت



**سکای نیوز:**
دوای کەوتنەخوارەوەی موشەکێک لە نزیک تەل ئەبیب، نەتەنیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل سەردانەکەی بۆ واشنتۆن دواخست .




**رۆژنامەی ئەلجەیات :**
ئەمەریکا سزای بەسەر ژمارەیەک کەس و لایەنی دیکەی ئێرانیدا سەپاند کە پەیوەندیان بە پرۆگرامی ئەتۆمی ئەو وڵاتەوە هەیە .



**ئەلشەرقولئەوسەت:**
لە ئەنجامی هێرشێکی فرۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر ویلایەتی قندوز لە باکوری ئەفغانستان، 13 کەس لە یەک خانەواده گیانیان لەدەست دا .



**ئیلاف :**
لە فرۆکەخانەی کاراکاسی پایتەختی ڤەنزویلا فرۆکەیەکی بارهەڵگری رووسی نیشتەوە و چەند سەرچاوەیەکیش باس لەوە دەکەن کە فرۆکەکە هێزێکی سەربازی رووسی گواستۆتەوە بۆ ئەم وڵاتە .



**ئەی ئێف پی :**
سەرۆکوەزیرانی رۆمانیا بڕیاری دا بالێۆزخانەی وڵاتەکەی لە ئیسرائیل بگوازێتەوە بۆ شاری قودس .



**بی بی سی:**
ئیتالیا پێشوازیەکی گەرمی لە پرۆژەی ریگای ئاوریشم کرد کە چین بەنیازە جێبەجێی بکات .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/3/26 ژمارە (5717)
خەبات

# کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان کۆڵەکەی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵن لە کوردستاندا





## بەشار موشیر ئاغا:

## داوا لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەین زیاتر پشتگیری وەزارەتی کشتوکاڵ بکات

**ساسان دەروێش - هۆڵەندا**

لە چەند ساڵی رابردوودا وێرای جەنگی تیرۆرستان و قەیرانی ئابووری و نەناردنی بودجە بۆ هەرێم لە ناوەندی عیراق لەو سۆنگەیەشەوە نەبوونە پەکخستنی پرۆژەکان لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ پێشخستنی بواری کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران و بوژاندنەوەی خاکی بە پیتی کوردستان و هەبوونی بەرهەمی خۆمالی، لەو پێناوەشدا جوتیارانی کوردستان بە هیمەتی خۆیان و ئەو هاوکاریکردنە کەمەی حکومەت گۆرانکاریەکی گەورەیان لە پێشکەوتنی کشتوکاڵی کوردستاندا بینی لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک خۆراکی کشتوکاڵی خۆمالی و بەرز کردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی کە زیاد بێت لە بازاڕ و مانەوەی لە پێویستی خەڵک. بۆ زیاتر قسەکردن لە چەند پرسێکی کشتوکاڵی بەشار موشیر ئاغا خاوەنی کۆمپانیایی کوردستان - هۆڵەند بۆ هاوەردەکردنی بنەتۆوی پەتاتە لە هۆڵەندا بۆ کوردستان کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان هەیە لەوبارەدا بۆ خەبات دوا.

**سەرەتا بەشار موشیر ئاغا باسی لە چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمپانیەکەی کرد و گوتی:** لەساڵی 2009 بە هاوکاری کۆمەڵێک جوتیاری نمونەی توانیمان کۆمپانیای کوردستان- هۆڵەند دامەزرێنین بۆ هاوەردەکردنی بنەتۆوی پەتاتە لە هۆڵەندا وە بۆ کوردستان لە باشترینیان کە سالانە هۆڵەندا بۆ سەدی شەستی وڵاتان دابین دەکات و کوردستانیشمان کردە بەشێک لەو ڕێژەیە. هەروەکو ئاشکرایە هۆڵەندا یەکێکە لە وڵاتە پێشکەووتووەکان لەبواری کشتوکاڵ و بنەتۆی پەتاتەدا و نەخۆشی کەمە و بەرهەڵستی نەخۆشی دەکات چونکە لە کەناری دەریاکانەوە بەرهەمی دەهێنن ئێمەش وەکو خۆمان لە کۆمپانیای کوردستان - هۆڵەند سەرەتا بە هەنگاوێکی بچووک دەستمان پێکرد دواتر وردە وردە تا گەیاندمانە ئەمڕۆ کە زۆر زیاترە لە بازاڕ ئەویش لەسەر بنەمایی پلانێکی تۆکمە و کارکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی هۆڵەندی لە بنەتۆو و کەرستە و مەکینەی کشتوکاڵی و سالانە هێنانی جوتیاران بۆ هۆڵەندا بۆ لە نزیکەوە ئاشنابوون بە ئەزموونی هۆڵەندیەکان و مەیدانی لە نزیکەوە کێڵگە کشتوکاڵیەکان دەبینن خولی فێربوونی زیاتریان پێ دەبەخشرێ وە بەهەمان شێوەش هۆڵەندییەکان دەهێنینە کوردستان وە لە نێو کێڵگەکانی جوتیارانمان و لە نزیکەوە چاودێریان دەکەن لە بەخشینی زانیاری لە دژی هەر بەرهەڵستکارێکی دژی بەروبومەکانمان لەخراپ بوونیان بەهۆی کەش و هەوا و پیسبوونیان یاخود میکرۆب و گیانەوەران. هەروەها لە دریژەی ووتەکانیدا بەشار موشیر ئاغا هاتەوە سەرباسکردنی بەرزبوونی ڕێژەیی بەرهەمهێنان و نەبوونی دۆزینەوەی بەبازاڕکردن بۆیان و وتی: هەرچەندە لە چەند مانگی رابردوودا زۆر بە ڕاشکاوانە لە کۆنفرانسی کشتوکاڵی کە لە لاهای بەرێوەچوو نوێنەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەیەکێتی ئەوروپاش بەشداربوو دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی باسی ئەوەمان کرد چۆن بتوانین ئەو بازارکردنە بدۆزینەوە و پەیمانی داینێ کە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک. من بۆ خۆمان لە مانگی 4وە دەستدەکەین بە دروستکردنی کارگەیەک بە سیستەمی جیهانی و ئەوروپی بۆ جیاکردنەوەی پەتاتە و شووشتنی و بە پاکێتکردنی و خستنە نێو بازارکان بە ویستی کڕیار، لەگەڵ ئەمەشدا بەشار موشیر ئاغا گووتی بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین چیتر لە دەرەوە بنەتۆو نەهێنین و خۆمان ئامادەی بکەین کە پێشتر بەهۆی باری ئابووریمان نەمان دەتوانی ئەو کارە بکەین بە هیواین لە داهاتوویەکی نزیکدا حکومەت ئەو هەنگاوەش بنێت چونکە هەندێک کەس تاکە کەسی کردیان توشی زەرەرێکی زۆر هاتن ئەمە تەنیا بە حکومەت دەکرێ و پێویستی بە زانیاری زیاتر و بودجەی گەورەتر هەیە و لە مسالەدا بڕاندێکی کوردستانی دروستدەکەین و پەتاتەی کوردستان هەناردەی وڵاتانی کەنداو دەکەین کە پارسال 500 تۆمان هەنارد کرد بەکوالیتی باش و تام وشێوەی جوان کە پەتاتەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشترین دەرچوو. لەگەڵ ئەو هەموو گرفتەش بۆ نەدۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە زیادەکان لەلایەن حکومەت مۆڵەت نادرێت کە کۆگای ساردکردنەوە بۆ خۆمان دروست بکەین وە بەرهەمە زیادەکانی تێدا پاریزراو بکەین بە هیوام پێداچوونەوە بکرێت بەو بڕیارانەی کە ئاستەنگن بۆ ئاسانکردنی ئەو دەرفەتانە لە کۆتایشدا بە هیوام لە کابینەی نوێی دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان بە گرنگیەوە بڕوانن وەزارەتی کشتوکاڵ و پشتگیری کردنی چونکە لە داهاتوودا دەتوانرێ لەسەر خاکی پیرۆزی بەپیتی کوردستان و دەست و پەنجەی ڕەنگینی جوتیارانی کوردستان داهاتی کشتوکاڵی بەگشتی زیادبکرێ و کشتوکاڵ لە کوردستاندا جێگای نەوت بگرێتەوە و کێشەی ئابووریمان لەو ڕێگەیەوە چارەسەر بێت.

# هەنگ و چۆنیەتی ناسینەوەی ڕەنگەکان



گوڵاڵە سوورە بۆتە جێگای سەرنجی زاناکانی هەنگناسی تووشی سەرسوورمان بوون چونکە بە هۆی ڕەنگە سوورە تێرەکەیەوە هەنگ ناتوانێت ببینێت چاوەکانی هەنگ ڕەنگە سوورەکان بە خۆڵەمێشی دەبینێ و سوورە تێرەکانیش بەڕەش دەبینێت، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەیاندۆزێتەوەو هەڵاڵەکەیان کۆدەکاتەوە! بەتایبەت گوڵاڵە سوورە ئەوەش بووە هۆی سەرسوڕمانی زاناکان و هاندانیان، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر هەستان بەهۆی ئامێری تیشکگری سەرووی وەنەوشەیی سەلماندیان کە پەلکە گەلاکانی گوڵاڵە سوورە تیشکێکی زۆری سەروو وەنەوشەیی دەداتەوە بە درێژی شەپۆلەکانی 300 تا 400 میللی مور بەو هۆیەوە هەنگ دەتوانێ بە باشی ببینێت. ئەو گوڵاڵە سوورەی کە ئێمە بەسووری دەبینین هەنگ بە سەروو وەنەوشەیی دەیبینێت، تووشی سەرسوڕمان مەبن کە ئەو گوڵانەی کە بەهاران یا هەر وەرزێکی تر بەو ڕەنگانەی ئێمە دەیانبینین هەنگ ئاوا نایانبینێ بە ڕەنگی جیاوازتر دەیبینێ، چونکە دنیای ڕەنگەکانی هەنگ لە دنیای ڕەنگەکانی مرۆڤ جیاوازە. تا ئێرە زانیمان کە هەستی بینینی هەنگ چۆنە ئەوەش یاریدەدەرێکی باش دەبێت بۆ هەنگەوانان کە چۆن سندوقەکانی ڕەنگ بکات تا کاتی هێنانەوەی بار بەئاسانی سندوقەکەی خۆیان بدۆزنەوە، هەرگیز دوو سندوق بەڕەنگەکانی سووری تێر و ڕەش لەلای یەک دامەنێن چونکە هەردووکیان ڕەش دەبینێت لەکاتی گەڕانەوەیدا ناتوانین سندوقەکەیان بناسنەوە. بۆ ڕەنگ کردنی سندوقەکانتان لەچاوی هەنگەوە سەیری ڕەنگەکان بکەن باشترین ئەو ڕەنگانەی کە هەنگ دەتوانێت بە ئاسانی بیانبینێت بریتین لە : (زەرد - شین - ڕەش - سپی ) لە ئێستادا تەواوی هەنگدارانی دونیا لەو 4 ڕەنگە سوود وەردەگرن تەنها بە جێگای ڕەنگی ڕەش لە سوور کەڵک وەردەگرن. خۆر بۆ هەنگ تەنها هۆکاری گەرمی و ڕووناکی نییە بەڵکو بۆ دۆزینەوەی مالەکەی وەک قیبلە نمایەک سوودی لێدەبینێ لە ڕۆژە هەورەکانیشدا هیچ کێشەی نییە ئەگەر هەورەکانیش چڕ و ئەستوور بن چونکە ڕێژەیەکی زۆر ڕەنگی سەروو وەنەوشەیی لەنێوان هەورەکاندا دەردەچێت چاوی هەنگیش هەستیارە بە ڕەنگی سەروو وەنەوشەیی بۆیە زۆر بە ئاسانی دەزانێت ڕۆژ لە چ نەقتێکدایە و بە ئاسانی دەتوانێت مالەکەی یان لەوەرگاکەی بدۆزێتەوە سوودەکانی زانیاری بینیین لە هەنگدا بۆ هەنگەوانئەمانەن:

**- هەنگەوان دەزانێت چۆن سندوقی هەنگەکانی ڕەنگ بکات.**

- هەنگەوان دەزانێت کە دوو سندوقی یەک ڕەنگ نابێ لەلای یەک دابنرێت، ئەوەش وادەکات کە هەنگە کارەکەرەکانی دەرەوە بە ئاسانی مالەکەیان بدۆزنەوە نەچنە ناو مالی یەکتری کە لە هەندێ وەرزدا دەبێتە هۆی کوشتنیان.

- بۆ کاتی جوتگیری مەلیکە و گەڕانەوەی مەلیکە مالەکەی لێ تێک ناچێت ئەوەش پێش گیری دەکات لە فەوتانی مەلیکە و سوودەکەی بۆ هەنگەوان دەگەڕێتەوە. هەنگەوان بەو زانیارییە پێشگیری بە زیانی مادی دەگرن.

وەرگێڕان و نوسین:
عبدولقادر ڕەسول

# چەند ڕێنماییەک بۆ خاوەن پڕۆژەکانی پەلەوەر

یەکەم: بۆ چالاککردنی جوجەلەکان کە گەیشتنە کێڵگە پێویستە گیراوەیەک لە ئاو و شەکریان پێ بدرێت بە ڕێژەی 10% بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.

دووەم: لە کاتی کڕینی پێکوتەکان دڵنیابە لە هەر یەک لە ماوەی بەسەرچوونی کاریگەرییەکەی کۆتایی نەهاتووە و شێوەی داکردن لە لایان بریکاری فرۆشتنی دەرمان و چۆنیەتی گواستنەوەی پێکوتەکان بۆ کێڵگە بە شێوەی ساردکردنەوە و باشتر وایە تورمسێک بەکار بێت بۆ ئەم مەبەستە.

سێیەم: پێکوتەکە نابێت تیشکی خۆری بەرکەوێت.

چوارەم: باشتر وایە کرداری کوتان بەیانی زوو بکرێت پێش بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی کێڵگە.

پێنجەم: پێکوتەکان لە ئاوخۆرەوەی خاوێن و پێشوەختە تەعقیم کراو دادەندرێن و بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە سەرتاسەری کێڵگەکەدا بڵاوەی پێدەکرێت بۆ ئەوەی جوجەلەکان بە ئاسانی پێی بگەن.

شەشەم: جوجەلە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە هاوێندا و دوو کاتژمێر لە زستاندا تێنوو دەکرێت پێش پرۆسەی کوتان.

حەوتەم: پێویستە ماوە ماوە بە هێمنی جوجەلەکان بەرەو ئاوخۆرەوەکان پاڵنرێن و ببردرێن بۆ دڵنیابوون کە سەرجەمیان لە پێکوتەکەیان خواردۆتەوە و پێویستە پێکوتەکە لە ماوەی کاتژمێرێک بۆ کاتژمێرێک و نیو کۆتایی پێ بێت.

هەشتەم: دوای کۆتایی هاتنی پێکوتەکە ئاوی خاوێن بۆ جوجەلەکان دادەندرێت و دابین دەکرێت.

نۆیەم: ڕاستەوخۆ دوای ئەنجامدانی پڕۆسەکە شوشە بەتالەکانی پێکوتەکان دەسوتێنرێن.

دەیەم: بەهۆی ئەوەی کرداری کوتان شەکەتی (Stress) بۆ بالندەکان دروستدەکات بۆیە پێویستە ماددەی وزە بەخش و دژە زیندەگییان پێ بدرێت هەر لە ڕۆژی دوایی ئەم کرداڕە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێ.

یانزەهەم: باشترە پشکنینی بەرگری دژی نەخۆشیی نیوکاسڵ بۆ ڕەوە مریشکەکانی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن و مریشکی دایکانە بکرێت هەر دوو مانگ جارێک و لە تەمەنی (24-22) حەفتە ئەو کرداڕە دەستپێدەکات بە ناردنی نمونە لە هێلکە یان خوێن بۆ تاقیگا.

cyan magenta yellow black File: p.15 fl ` Æ˝ ” 3



www.xebat.net
خەبات سێ شەممە 2019/3/26 ژمارە (5717)
Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – 07504475407 بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش:

## سۆران سەلیم ڕاهێنەری تازەپێگەیشتووانی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئەمساڵ تیپەکەمان ژمارەیەکی قورس دەبێت بۆ یانە بەشداربووەکانی خولی کوردستان



**دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین**

وابیارە لەناوەراستی مانگی داهاتوو خولی تازەپێگەیشتووانی تۆپی پێی یانەکانی کوردستان بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بۆ یانە تازەپێگەیشتووانی کوردستان بەرێوەبچێت، بۆ ئەم مەبەستە تیپی تازەپێگەیشتووانی پێشمەرگەی سلێمانی بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا سۆران سەلیم محەمەد ئامادەکارییەکی تەواو بۆ خولەکە دەکات، لەدیمانەیەکدا لەبارەی چۆنیەتی خۆئامادەکردنیان بۆ خولی تازەپێگەیشتووانی کوردستان و چەند تەوەرێکی دیکە بەگشتی بۆ لاپەڕەی وەرزشی خەبات گوتی: بۆ ئەم وەرزە بەپێکهاتەیەکی جیاواز و سەرنج ڕاکێش بەشداری لەخولی کوردستان دەکەین، بەتایبەتی خولی داهاتوو تەنها چوار یاریزانمان لەپێکهاتەکە ماوە ، ئەوەی دیکە هەمووی یاریزانی تازەن و تارادەیەکی زۆر باش متمانەم بەهەر هەمووان هەیە کە بەئاستێکی باش لەنێو خولەکەدا دەرکەون، هەروەها کارمان لەسەر ئەوە کردووە کەچۆن بتوانین یاریزانان بۆ ڕێزی یەکەمی تیپەکە دروست بکەین و لەهەمان کاتدا بەم یاریزانانە ڕکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوەی خولەکە دەکەین و هیوام پێیان زۆرە کە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین لەکاتی بەرێوەچوونی خولەکە ، بۆ ئەمسالّیش تیپەکەمان ژمارەیەکی قورس دەبێت لەبەرانبەر تیپەکان لەخولی تازەپێگەیشتووانی کوردستان.

هەر لەبارەی هاوکاری دەستەی کارگێڕی یانەکە بۆ تیپەکەیان ئەو ڕاهێنەر زیاتر گوتی: بێگومان دەستەی کارگێڕی یانەکەمان هیچ دریغی نەکردووە لەپالپشتی کردنی تیپەکەمان لەهەموو ڕوویەکەوە، بۆیە پشتگیڕی کردن لەلایەن دەستەی کارگێڕی و یاری کردن و بەدەستهێنانی ئەنجامی بەرزیش لەئێمەوە پێشکەش بەیانەکەمان و هاندەرانی تیپەکەمان دەکەین.

گوتیشی: هەفتانە نزیکەی چوار ڕۆژ مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدەین و هەر لەم ماوەیەدا چەندین یاری دۆستانەمان لەگەڵ چەندین یانە ئەنجام داوە و تیایدا توانیوومانە لەزۆربەی یاریەکان سەرکەوتوو بین، لەهەمان کاتدا بەنیازین چەند یاریەکی دۆستانە پێش دەستپێکردنی خول لەگەڵ تیپەکانی هەردوو شاری هەولێر و دهۆک ئەنجام بدەین تا یاریزانەکان ئاشناییەکی تەواویان لەکاتی یاری کردندا لەنێو خودی خۆیان دروست بکەن کەشارەزاییان لەتەکنیک و هەموو بوارەهونەرییەکان هەبێت .





## ڕامۆس: دەستمان بە ڕێگەیەکی تازە کردووە



سێرجیۆ ڕامۆس، کاپتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، دڵخۆشی خۆی بە بردنەوە بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە هەڵبژاردەی نەرویژ دەربڕی، لە سەرەتای گەشتەکەی ماتادۆر لە پالاوتنەکانی گەیشتن بە جامی نەتەوەکانی ئەورووپا (یۆرۆ 2020). ڕامۆس دوای یاریەکە لێدوانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا، کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بەشێکی بڵاو کردووەتەوە و وتی:"دەستمان بە ڕێگەیەکی تازە کردووە، بە باشترین شێوە لە ڕکابەرێکی ئاڵۆزمان بردەوە، هەرچەندە کۆنترۆڵی تۆپمان کردبوو، بەڵام دەمانزانی دەناڵێنین" وتیشی:"لە گێمی یەکەمدا، چەندین دەرفەتمان بۆ ڕەخسا و چووینە نێو هێڵی سزای تیپی بەرامبەر، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی بەرچاوی تۆپ، دەمانتوانی ئەنجامێکی گەورە تۆمار بکەین". هەروەها وتی:"دوای ئەوەی گۆڵی یەکسانبوونمان لێ بوو، توانیمان جارێکی دیکە بە پێش بکەوینەوە". ڕامۆس کە لەو یاریەدا گۆڵی دووەم و بردنەوەی بە لێدانی سزا تۆمارکرد، لە کۆتاییدا لە بارەی قۆناغی لویس ئەنریکی وتی:"قۆناغی ئەنریکی؟ خەونێکمان هەیە و ئامانجمان بەدیهێنانی شتی گرنگە، ئێمە لەگەڵ ڕاهێنەرێک کار دەکەین، کە فەلسەفەیەکی نایابی هەیە، بردنەوە وامان لێدەکات، هەست بە متمانەی زیاتر بکەین".

## حکومەتی فڕەنسا رابێۆ لە بەندیخانەی سان جێرمان دەهێلێتەوە



ڕۆکسانا ماراسینۆی وەزیری وەرزش و لاوانی فڕەنسا ڕەتی کردەوە دەست بخاتە نێو ئەو کێشەیەی ئەدریان رابیۆ لەگەڵ یانەکەی پاریس سان جێرمان هەیەتی سەبارەت بە بەشداربیەکانی لەوەرزی ئەمسالّدا، کاتێک دایکی رابیۆ داوای لەوەزیری وەرزش کردبوو ئەو کێشەیەی نێوان کوڕەکەی پاریس سان جێرمان چارەسەر بکات.

دوای ئەوەی رابیۆ ئاماده نەبوو بۆندەکەی لەگەڵ پاریس سان جێرمان دڕێژبکاتەوە، کە هاوینی داهاتوو بۆندەکەی تەواو دەبێت و ئەوکات ئازاد دەبێت لە جێهێشتنی ئەویانەیە، کێشەکە لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە ئاماده نەبوو بۆندەکە تازەبکاتەوە، و هیچ یاریەک لەگەڵ یانەکەی ناکات و بەشداری یەکە مەشقییەکانیش نابێت.

## مۆرینهۆ ئاوازی مێسی و کریس ڕەتدەکاتەوە



خۆزی مۆرینهۆزی ڕاهێنەری پێشووی یانەی مان یونایندی ئینگلیزی وای دەبینێت کە هەردوو یانەی بەرشلۆنە و یۆڤینتۆس پالێوراوی بەهێزن کە ئەمسالّ نازناوی خولی یلنە پالّەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنن.

تیروپشکی ئەم قۆناغە یانەی یۆڤینتۆسی ڕووبەڕووی ئەیاکس ئەمستردام و بەرشلۆنەشی ڕووبەڕووی مان یونایتد کردەوە. ، مۆرینهۆ بۆ فرانس پریس ئاشکرای کرد کە هەمووان باسی مێسی و ڕۆنالدۆ دەکەن، ڕاستە یاریزانیکی ئەستێرەت هەیێ، ئەوا تیپەکەت باشترین دەبێت، بەڵام پیم باشترە باسی یۆڤی و بەرشلۆنە بکەن، هەموو سەیری تاکەکان دەکەن لەکاتیکدا تۆپی پێ یاریەکی بە کۆمەڵە.

# لیژنەی وەرزشی لە پەرلەمان و حکومەت چی بکەن؟



**ڕۆژگار قادر**

لەدوای سەدەی ڕابردوو شۆڕشی وەرزشی لەجیهان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی دەتوانین بڵێین لەدوای مۆندیالی 1998 کە فەڕەنسا بووە پالەوان، ڕێچکەو نەریتێکی شکاند کەچیتر ماسی بچوک نابێتە خۆراکی ماسی گەورە، گرنگ ئەوەیە تیپ بەکۆمەڵ یاری بکات هەمیشە سەرکەتوودەبێت، کوردستانی خۆشمان بێبەری نەبوو لەوپێشکەوتنە، هەرچەندە پێشکەوتنەکەمان هێندە خێرابوو کە لە بۆچوونی کەس نەبوو، ئێمەی کورد هەنگاوی زۆربەپەلەمان هاوێشت . بێگومان هەر پەلە پەلیەک دەرهاوێشتەی ئەرینی ونەرێنی دەبێت، لە چانسی ئێمەی کورد هەنگاوەکانمان هەمووی نەرێنی بوو کە ڕەوتی وەرزشمان بەمرۆ گەیشت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێن پێگەی ناوچەکەمان هەیەتی لەڕووی جوگرافی و کێشمەکێشی حزبی و مەزهەبی، تەنانەت وای لێهات لەخولی سالانەی کوردستان ئەگەر باشترین یاریزانی خول لە حزبێک نزیک بوایە، دەبوایە باشترین گۆلچی لە حزبێکی تر نزیک بێت وبەپێچەوانەشەوە، واتە لەجێگای ئاست وسەلیقە گرنگیمان بە بڕیارەکانی حزب دەدا، ئەگەر سەرۆک لیژنەیەک یان یەکێتییەک ئەندامی حزبی { ا } بوایە، دەبوایە جێگرەکەی لەحزبی { ب} تا وایلێهات وەرزشی کوردستان توشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، خۆ منیش دەزانم کەس نییە لەکوردستان بڕی و لایەنگری حزبێک نەبێت، ئەوەشم قەبولە بەڵام ناکرێ ئەندام مەکتەب سیاسییەک یان سەرکردایەتییەک لەجومگەکانی دەسەلاتی وەرزشی بەشداربن و خاوەن بڕیار بن، ئەگەر وەزشوانیش بوان هەرکێشە نەبوو، بۆیە پێویستە کابینەی نوێی حکومەت زۆر زۆر بەگرنگیدان و جدی کار لەو بواره بکات و هەولی چارەسەرکردنی ئەو دەردە بدات وڕەوتی وەرزش لەکوردستان لەمڕدن رزگاربکات، ڕەنگە هەندێک لەخوێنەر هاوبیر نەبن لەگەڵم، بڵێن وەرزش مردووە لەکوردستان بەڵام من پێم وایە بەبڕیارێکی بەهێز دەتوانین زاڵ بین لەسەرکێشەکان، ناکرێ هەروا دانیشین وبڵێین تازە مرد، چونکە لەم ولاتە کەچەندین کێشەی گەورەی وەرزشیمان هەیە دەهێنده کێشەی گەندەلی وەرزشیمان هەیە بەناوی پڕۆژە و ئیستسمار، دەبێت لیژنەی وەرزشی لەپەرلەمانی کوردستان بە ئەرکە پڕۆفیشنالەکەی هەلسێ بەجێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان و حکومەتیش کەباسی دەکەن حکومەتی چاکسازی دەبێت، پێویستە ئەوچاکسازییەش بواری وەرزش بە گشت ئۆرگان و دەزگایەکانی بگرێتەوە، بەکوردی و پەتی دەبێت شۆڕشی چاکسازی وەرزشی بکرێت تاکو بتوانین لەبواری وەرزش دەرهاوێشتەی جوانی و پێگەیاندن وخولیا ڕەنگدانەوەی هەبێ.

# دیبالا

## منداڵێک داوەت دەکات بۆ بینینی یارییەکی یۆڤی



پاولۆ دیبالا نامەیەک ئاراستەی رامی شەحاتە دەکات و داوای لێدەکات ئامادەی یارییەکی یانەی یۆڤینتۆس بێت.

ئەو منداڵە توانی گیانی 150 منداڵی دیکە رزگار بکات کاتێک شوفێری پاسەکە وێستوبەتی لە ئیتاڵیا بیانفڕێنێت، بەڵام کاتێک ئەو منداڵە هەست دەکات پاسەکە ڕێرەوی جاری گۆڕیوەو دەیەوێ بۆ شوێنێکی نادیاریان ببات، بۆیە ئەویش داوا لەمنداڵەکان دەکات بەدەنگێکی بەرز هاوار بکەن و پۆلیسی لێ ئاگادار بکەنەوە، بەمشێوەیەش پۆلیس لەڕێگای دی پی ئێس پاسەکە دەدۆزنەوە و منداڵەکان دەرباز دەکەن.

کاتێک دیبالا ئەم هەواڵە دەبیستیت و گوایە منداڵەکە دڕێسی ئەوی لەبەر کردووە بۆیە پەیوەندی بە باوکی منداڵەکەوە دەکات و دەڵێ تۆ باوکی پاڵەوانێکی، داواکارم بەداوایەکەم ڕازی بیت و جارێک منداڵەکە بۆ بینینی یەکێ لەیارییەکانی یۆڤی ئامادەبکەی.

ڕەنگدانەوەی هەبێ.

خەبات XEBAT

KHABAT Daily Newspaper *Kurdistan - Iraq*
*Organ of KDP*
Concessioner: **Ali Abdulla**
Editor-in-chief: **Salam Abdulla**

info@xebat.net
www.xebat.net

*Tue, 26. Mar. 2019 No: (5717)*

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
**عەلی عەبدوڵڵا**

سکرتێری نووسین
**دڵشاد مستەفا وەسانی**
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
**سەلام عەبدوڵڵا**
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
**شکار نەقشبەندی**
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616


**دڵشاد مستەفا وەسانی**

## بەرەو یادی 60 ساڵەی خەبات

(13)

## قۆناغی دوای راپەڕینی 1991

**2-2**

بارەگای خەبات لە ژمارە 666ڕۆژی 3/3/1993لەهەولێر بووە و هەفتانە ڕۆژانی چوارشەمە بە عەرەبی دەرچووە، ئەمەش دوای دامەزراندنی دەزگایەک هاتووە، کە هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەباتی لە خۆ گرتووە، سەرەتا حەبیب محەمەد کەریم بەرپرسی کارگێڕی و دارایی هەردوو ڕۆژنامەکە بووە، لە هەمان کاتدا هەڵسوڕێنەری ڕاگەیاندن بووە، برایەتی کە دوا ژمارەی 1584بووە و لە ڕۆژی 12ی ئاداری 1974بە عەرەبی دەرچووە، لەسەر هەمان زنجیرە ڕۆژی 1/3/1993بە ژمارە 1585و بە عەرەبی بەناوی (التاخی) هاتەوە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، تەنیا ژمارەی دەستپێکردنەوەی بە عەرەبی بووە، دواتر ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەرچووە، بەڵام حەبیب محەمەد کەریم زۆر نەماوەتەوە هەر لەو ساڵەدا دوای کۆنگرەی 11دەبێتە ئەندامی دەستەی چاودێری و پشکنین.

دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە لەسەرەتای قۆناغەدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نەبوو، بەڵام ڕۆژنامەگەریی خۆی لەبەردەم دامودەزگای یاساداناان و دادوەریی و حکوومەتدا دیتەوە، بۆیە پێویست بوو جگە لەسەرنووسەر ڕۆژنامەکان خاوەنی ئیمتیازیشیان هەبێت، بۆیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات خوالێخۆشبوو عەلی عەبدوڵڵا بووە خاوەن ئیمتیاز، خوالێخۆشبوو جوهەر نامق سالم بووە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی برایەتی.

ڕێکخستنەوەی ڕاگەیاندن و جێگیرکردنی برایەتی وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی، خەباتیش هەفتانە بە عەرەبی، ماوەی 10ساڵ بەردەوام بووە، لە سەرەتای ئەم ڕێکخستنەوەیەی 1993دا فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری خەبات بووە، حەبیب محەمەد کەریمیش وێڕای ئەوەی بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات بووە لە هەمان کاتدا سەرنووسەری برایەتیش بووە، هەر لەو ساڵەدا فەرهاد عەونی لە ڕۆژی 26/10/1993 دەبێتە بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات و لە هەمان کاتدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و تا 20/2/2000 دەمێنێتەوە.

خەبات بەهۆی شەڕی ناوخۆ، جارێکی دی چووە دۆخێک کە نەیتوانیوە بە ڕێکوپێکی دەربچێت، لەگەڵ دەسپێکردنی ئەو شەڕە، سەرەتا ماوەی زیاتر لە حەوت مانگ دەزگاکە هەر لە هەولێر دریژەی بە دەرچوواندنی هەردوو ڕۆژنامە داوە، بەڵام بەردەوامی شەڕ و سوتاندنی ژمارە 2115ی 25/12/1994ی برایەتی دوای دەرچوونی لە چاپخانە لە لایەن مەفرەزەیەکی چەکداری یەکێتی، دواتر داگیرکردنی بارەگای دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات لە ?30/12/1994بە ناچاری دەزگاکە گواستراوەتەوە پیرەمام و لەوێ ڕۆژی 10/2/1995ژمارە 757ی خەبات دەرچووە، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ قۆناغەکەدا کردووە، هەوڵیداوە ڕاگەیاندن ببێتە هۆیەک بۆ تەشەنە نەکردنی شەڕی ناوخۆ، ئەوەتا ئەو هەوڵەش ڕووداوی ڕۆژی 10/12/1993بوو کە تاقمێک هێرشیان بردە سەر بارەگایەکی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لە ناوچەی سلێمانی، ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەوکات کۆسڕەت ڕەسوڵ سەرۆک وەزیران بوو، ڕۆژی 13/10/1993 ڕوونکردنەوەیەکی دەرکرد و تیایدا هاتبوو کە تاقمێکی گێرەشێوێنی دژ بە یاسا هێرشیان بردۆتە سەر بارەگای لیوای 24و فەوجی دووی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لە ناوچەی سلێمانی و دەستیان بەسەر کەلوپەل و تەقەمەنی بارەگاکەدا گرتووە، دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات زوو لە ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات پشتگیری ڕوونکردنەوەکەی کرد، کەچی میدیای یەکێتی و بەتایبەت کوردستانی نوێ بە پێچەوانەوە بوو، ئەم ڕووداوە دوای ڕۆژێک لە ئاهەنگی یەکترناسینی پەیمانگای ماموستایانی هەولێر بوو لە /9 12/1993کە دڵەڕواکێی دروست کرد، هەردوو ڕووداوەکە سەرەتای ئەو کارەساتە خوێناوییەی شەڕی ناوخۆ بوو کە چەند ساڵی خایاند، شەڕی ناوخۆ لاپەڕەی ڕەشی مێژووی کوردستانن، بەتایبەتیش لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991. هەردوو ڕۆژنامەی (برایەتی) ڕۆژانە و (خەبات) ی هەفتانە هەوڵیاندا ڕاگەیاندن نەبێتە ئامرازی بردەودان بەشەڕ.

دوای گەڕانەوەی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات بۆ هەولێر، ڕۆژنامەی خەبات بە ژمارە 798لە 7/10/1996 هەر بە عەرەبی و هەفتانە، بەڵام لە جیاتی چوارشەمە بووەتە ڕۆژانی هەینی بەردەوام بووە، کاتێ ڕێککەوتننامەی واشنتۆنیش لە ئەیلوولی 1998 لە نێوان سەرۆک بارزانی و مام جەلال بە نێوەندگیری (مادلین ئۆلبرایت)ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا بەڕێوەچوو، خەبات وەک زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵیدا ئەو ڕێککەوتنە بکاتە بنەمای نەفرەتکردن لە شەڕ و هۆیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەو واقیعەی شەڕی ناوخۆ دروستی کرد بوو. ماوەی نێوان ساڵی 2000 تا 2003 چەند گۆڕانکارییەکی خێرای لە بەرپرس و سەرنووسەر و ستافی هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی بەخۆیەوە بینی، ڕۆژنامەی خەبات لە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەباتیش هەفتانە بە عەرەبی تا ساڵی 2003 هەر بەردەوام بوو، لە 20/2/2000 نەژاد عەزیز سورمێ بووە بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی خەبات و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی بووە سەرنووسەری برایەتی و خوالێخۆشبوو سەعید یەحیا بووە سەرنووسەری خەبات، ڕۆژی 5/12/2001 عەبدولسەلام بەرواری بووە بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات، ئاریان فەرەج بووە سەرنووسەری برایەتی و ڕزگاری نوری شاوەیس بووە سەرنووسەری خەبات، لە3/5/2003 خەبات بە کوردی دەستی پێکرد و ئاریان فەرەج کە سەرنووسەری برایەتی بوو بە سەرنووسەری خەبات مایەوە، چونکە برایەتی لە بەغدا بە عەرەبی بە ناوی (التاخی) بەردەوام بوو، فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری (خەبات)ی عەرەبییش، بووە سەرنووسەری (التاخی).

**شاجوانی کوردستان سەرۆکی فیستیڤاڵی دیداری سینەمای ئافرەتان بۆ ( خەبات ):**

# نیشانی جیهانمان دا کە ئافرەتیش دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەری لە بواری هونەری هەبێت

## هەموو فیلمەکانی بەشداربوو، پەیامی خۆیان هەبوو




**تا: سەنگەر حوسێن**

خاتوو سانا مەحمود شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی 2018سەرۆکی فیستیڤاڵی ئەمساڵی دیداری ئافرەتان بۆ سینەما بوو، ڕۆڵێکی بەرزو کاریگەری گێڕا بۆ سەرکەوتنی ئەم دیدارە، لە ڕۆژی کۆتایی دیدارەکە (خەبات) بیروبۆچوونی لەبارەی فیستیڤاڵەکە وەرگرت.

سەرەتا سەبارەت بە ئامانجی دیدارەکە، سانا مەحمود شاجوانی کوردستان گوتی: ئەم فیستیڤاڵە بۆ ئەوە بوو تا بتوانین تیشک بخەینە سەر ئەو ئافرەتانەی کە کار دەکەن لە بواری سینەما، هەروەها نیشانی جیهان بدەین کە ئافرەتیش دەتوانێت ڕۆڵی گرنگی لەبواری هونەری هەبێت.

لەوەڵامی پرسیارێک کە ئایا فیستیڤاڵەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، شاجوانی کوردستان گوتی: ئەم فیستیڤاڵە شتێکی جوان بوو، زۆر سەرکەوتوانە بەڕێوەچوو، چەندین میوانانی ئافرەتی خۆمان و دەرەوەی کوردستان گفتوگۆیان کرد، زۆر خۆشحاڵ بووم ئەمڕۆ کە خەڵاتی ڕێزلێنانم بەسەر چەندین شێرەژن دابەش کرد کە سااڵنێکە لە بواری هونەری کار دەکەن، ئەوەش بەڵای ئێمەوە وەک ئۆسکارێکی بچووک وایە بۆ کوردستان.

سەبارەت بە ئاستی فیلمەکانی دیدارەکە، سانا مەحمود گوتی: ئەو فیلمانەی لە دیدارەکە نیشان دران لە ئاستێکی بەرزدا بوون، فیلمی جوان بوون، هەموو فیلمەکان پەیامی خۆیان هەبوو. زۆر خۆشحاڵ بووم کە لە دیدارەکە ئافرەت و هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستانی تێدابوو، ئافرەت لە وڵاتی بیانی فیلمیان دەرهێناوەو بەشداری دیدارەکەیان کردبوو، ئەوەش شتێکی ئەرێنی و جوان بوو. هەروەها ئافرەتانی کامیرامان و دەرهێنەرو کاستینگ، ئەوەش شتێکی باشە کە ئێمە بتوانین بەیەکەوە کار بکەین نەک رق بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنین.

(هیوادارم بۆ دیداری ساڵی داهاتوو کاری باشتر بکەین، فیلمی زیاتر و ئاستبەرزتر بەشداری تێدا بکات و بتوانین سپۆنسەری زیاتر پەیدا بکەین، هەروەها داواکارم وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی ئافرەتی پەرلەمان پشتگیری زیاتری دارایی و مەعنەوی لەم جۆرە دیدارو فیستیڤاڵانە بکەن و لەگەڵمان بەشدار بن)، لە کۆتاییدا شاجوانی کوردستان و سەرۆکی فیستیڤاڵی ئەمساڵی دیداری سینەما وای گوت.

سانا مەحمود لەدایکبووی شاری هەلەبجەیە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو، لەنێو 14 کچی شۆخ و شەنگ بە شاجوانی کوردستانی بۆ ساڵی 2018هەڵبژێردرا.

## بەهۆی ئەم ئامێرەوە تایبەتمەندی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانت پارێزراو دەبن

**هەردەوان :** بێگومان وات بەسەر هاتووە، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانتی و لەناکاو دایکت یان باوکت تەلەفۆنت بۆ دەکات، ناچاریت دەیکەیتە سایلێنت و وەڵام نادەیتەوە، چونکە باش دەزانیت کە بەدەنگی بەرز هەرچی نهێنیت هەیە هەڵدەماڵدرێت و یان لەباشترین حاڵەت ئیحراج دەبیت، لەوانەشە لە تەنیشت باوکت یان کەسێکی نزیک لە ئەندامانی خێزانەکەت بیت و تەلەفۆنێکی ڕۆمانسیت بۆبێت، یان ئەو کاتانەی لە کاریت و ناچاریت وەڵامی مااڵەوە بدەیتەوە، بێگومان لەوکاتەدا ناچاری شوێنەکەت جێبهێڵیت و بچیتە شوێنێکتر تاوەکو ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانت گوێبست نەبن، بەڵام بەهۆی داهێنانی ئامێرێکەوە زۆر بەئاسانی دەتوانی تایبەتمەندییەکانت بپارێزی بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات لە شوێنی خۆت هەڵبستی.گەنجێکی ئۆکرانی لە هاوشێوەی ماسکێک بیرۆکەیەکی زۆر نایابی هەڵچنیوە و ئامێرێکی سادەی داهێناوە کە دەتوانرێت بە مۆبایلەکەتی ببەستییەوە و بەدڵی خۆت قسە بکەیت بێ ئەوەی ناجاربیت شوێنەکەت بگۆڕیت و بێ ئەوەش کەس گوێی لە دەنگت بێت. ئەم ئامێرە بە ٢٠٠ $ دۆلار ئێستا لە بازاڕەکانی جیهان دەست دەکەوێت و هەر بزانە کەوتە بازاڕەکانی لای خۆشمان، کەواتە چیتر پێویست بەورتە ورت ناکات و بەدڵی خۆت قسە بکە، ئەم داهێنانە بۆ ئەوکەسانەی دڵ و دڵداری زۆر نایابە و بەشی زۆری کێشەکانیان چارەسەر دەکات.



## ڕانیە.. فیستڤاڵی هونەریی ساڵانەی باخچەی منداڵانی پەپوولە بەڕێوەچوو



**د.کەیفی ئەحمەد:** منداڵ وەکو نەوەی دوارۆژ و هیوا و ئاواتی هەر خێزان و نەتەوە و وڵاتێکی سەر ڕووی زەوی سەیردەکرێت، دیارە هەموو کار و کردەوە و خۆماندووکردن و پلان و داهێنانێکیش بۆ داهاتووە، هەموو هەوڵ و ئومێد و خزمەت و پلانێکمان بۆ خزمەتکردن و پەروەردە و فێرکردن و دروستکردن لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەو نەوەیە بێت، ،لەو ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر گرنگیدان بەو نەوەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کولێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی بەشەکانی باخچەی منداڵانی کردۆتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستا و پەروەردەکاری کارامە و شارەزا دەربچوێن و بچن لەو ناوەندانە خزمەت بەو چینە پەپولە ئاسایانە بکەن و ئامادەیان بکەن بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ژیان لە داهاتوودا.بەشی باخچەی ساوایانی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ پرۆسەی (جێبەجێکردن) قوتابیەکانی ڕەوانی باخچەکان کرد، بۆ ئەوەی ئەزموونەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی خوێندنیدا وە دەستیهێناوە لەوێ پراکتیکی بکات، کۆمەڵێک لەو جێبەجێکارانە لە باخچەی (پەیوەلە)ی حکومی شاری ڕانییە بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بە گەرموگوڕییەوە سەرقاڵی ئەرکەکەیان بوون، لە کۆتایشدا لە میانەی فیستڤاڵێکی باخچەکە کۆمەڵێک چالاکی شانۆیی و موزیک و شێوەکاریان پێشکەشکرد، کەزیاتر چالاکییە شانۆییەکان سەرنجی منداڵ و بینەرانی بۆخۆی ڕاکێشا بوو، کە بریتی بوون لە دوو نمایشی شانۆیی. شانۆیی یەکەم بەناوی (لادێ) بوو، ئامادەکردنی(سروە ئومێد)، مۆسیقا ( زریان و بابان)، ماکیاژ و دیکۆر(شنگار سلێمان )، جلوبەرگ(سروە ئومێد)، نواندنی (شەنگار سلێمان، سروە ئومێد، بابان عەبدولقادر، زریان خالید، ڕۆگەش عومەر، ڕێنوار هیوا، سیدرا جبار، نسێ یەعقوب، کوردستان عومەر، لیدا عەلی)، شانۆیی دووەمیش بەناوی (زوو نووستن و زوو لەخەو هەستان) بوو، ئامادەکردنی دڵنیا عەبدوڵڵا، مۆسیقا بابان و زریان، نواندنی (دڵنیا عەبدوڵڵا، سروە ئومێد، کەلاند یوسف، ژیلوان یوسف) نێوەڕۆکی شانۆییەکان باسکردنی ژیان و کلتوور و دابونەریت و سادەیی ژیانی خەڵکی کوردەواریی بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک ئامۆژگاری دیکە،کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ منداڵانی ئاراستەی کاری باش و دووڕکەوتنەوە لە کاری خراپ دەکرد، بەڕێوەبەری باخچە (مامۆستا سروە) سەرپەرشتی کارەکانی فیستڤاڵەکەی کردبوو.